*Journal of Language Studies* Vol.8, No.3, 2024, Pages (173-196)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.3.9

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Construal Operation and Mechanism of Focusing in Jamal Jabar Gharib's Novels: A Cognitive Criticism Study

**Asst. Lecturer: Frmesk Muslih Mohammed** *
**Department of Kurdish – College of Languages- Salahaddin University-Erbil**
**Frmesk.mohammad@su.edu.krd**
**&**
**Prof. Dr. Mohsen Ahmed Omar**
**Department of Kurdish – College of Languages- Salahaddin University-Erbil**
**Mohsen.omer@su.edu.iq**

**Received:** 10 /8 / 2023 , **Accepted:** 17 / 9 /2023, **Online Published: 31 /3/ 2024**

## Abstract

This study entitled (**The Construal Operation and Mechanism of Focusing in Jamal Jabar Gharib's Novels: A Cognitive Criticism Study**) is an attempt to analyze and manifest Construal and its mechanisms used in conceptualization. Construal is the way a scene is depicted, construed and conceptualized in mind, and then its meaning is expressed and communicated in language spoken and\or written. Cognitive school, unlike the other schools and approaches, through the product (language) enters mind\thought of the language user (speaker\writer) to examine and realize how the construal and meaning construction processes take place first. This criticism school deals with the processes of

* **Corresponding Author**: Frmesk Muslih**, Email:**
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

meaning making in mind, rather than mind product (language) meaning. In this study, construal is explained, its emergence and transference from linguistics to literature and its genres are also presented. The founders and scholars of Cognitive School and Cognitive Criticism have determined some operations and mechanisms for construal, one of which is Focusing. The theme of this study is the mechanism of Focusing that with all its constituting elements applied to Jamal Jabar Gharib's Novels.

**Keywords:** Construal, Cognitive Criticism, Focusing, Meaning and Thought

## العملية النظرية وآلية التركيز في روايات جمال جبار غريب: دراسة نقدية معرفية

مدرس مساعد: فرمێسک موصلح محمد

قسم اللغة الكردية – كلية للغات – جامعة صلاح الدين – أربيل

&

الاستاذ: محسن احمد عمر

قسم اللغة الكردية – كلية للغات – جامعة صلاح الدين – اربيل

### المستخلص

هذه الدراسة بعنوان (العملية النظرية وآلية التركيز في روايات جمال جبار غريب: دراسة نقدية معرفية) هي محاولة لتحليل وإظهارالتأويل وآلياته المستخدمة في وضع المفاهيم. التأويل هو الطريقة التي يتم بها تصوير المشهد وتفسيره وتصوره في الاعتبار، ومن ثم يتم التعبير عن معناه ونقله في اللغة المنطوقة و/ أو المكتوبة. المدرسة المعرفية، على عكس المدارس والمناهج الأخرى، من خلال المنتج (اللغة) يدخل ذهن/فكر مستخدم اللغة (المتحدث/الكاتب) لفحص وإدراك كيفية حدوث عمليات البناء والتفسير والمعنى أولاً. تتعامل مدرسة النقد هذه مع عمليات وضع المعنى في الاعتبار، بدلاً من معنى المنتج الذهني (اللغة). في هذه الدراسة، يتم شرح التأويل، كما يتم عرض ظهوره وانتقاله من علم اللغة إلى الأدب وأنواعه. لقد حدد مؤسسو وعلماء المدرسة المعرفية والنقد المعرفي بعض العمليات والآليات للتأويل من بينها التركيز. موضوع هذه الدراسة هو آلية التركيز التي تطبق بكل عناصرها المكونة على روايات جمال جبارغريب.

**الكلمات الدالة:** التأويل، النقد المعرفي، التركيز، المعنى والفكر

# میكانیزمی كۆبیرخستنەسەر- فۆكەسكردن ڕوانگەی بیر ڕۆنان لە ڕۆمانەكانی جەمال جەبار غەریب دا: توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی هۆشەكییە

**م.ی فرمێسک موسلح موحەمەد** **پ.د موحسین ئەحمەد عومەر**

بەشی زمانی كوردی - كۆلێژی زمان - زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**كردە و میكانیزمی كۆبیرخستنەسەر ڕوانگەی بیر ڕۆنان لە ڕۆمانەكانی جەبار جەمال غەریب دا: توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی هۆشەكییە**) هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی ڕوانگەی بیر ڕۆنان و ئەو میكانیزمانەی ڕوانگەی بیرییان پێ ڕۆدەندرێت. ڕوانگەی بیرڕۆنانیش، بریتییە لە چۆنییەتی ڕۆنان و وێناكردنی دیمەنێک لەبیردا، ئەو ڕوانگە ڕۆنراوەش ماناكەی بە زمان و كەرەستەكانی دەردەبردرێت، جا چ بە وتن، یان نووسین بێت. ئەم قوتابخانەیە جیاواز لە ڕێباز و قوتابخانەكانی دیكە، لەڕێگەی كار و بەرهەمەوە دەچێتە ناو مێشک و بیری (نێنەر)ەوە، ئینجا لێكدانەوە بۆ چۆنییەتی پرۆسەی بیر ڕۆنان و بیركردنەوە و مانا بە بەرداكردن دەكات. ئەم قوتابخانە ڕەخنەییە لە پرۆسەكانی ڕۆنانی مانا لەبیردا دەكۆڵێتەوە، نەک هەر لەمانای بەرهەمی بیر (زمان) بە تەنیا. لەم توێژینەوەیەدا وەک سەرەتایەک باس لە ڕوانگەی بیر ڕۆنان و چۆنییەتی سەرهەڵدانی هەروەها چۆنییەتی گواستنەوەی لە زمانەوە بۆ ژانرە جیاوازەكانی ئەدەبدا كراوە. كۆمەڵێک میكانیزم هەن، كە دامەزرێنەران و توێژەرانی ڕەخنەی هۆشەكی بۆ ڕوانگەی بیر ڕۆنان دیاریانكردوون،

میكانیزمی كۆبیرخستنەسەر، یەكێكە لەو میكانیزمانە و بابەتی سەرەكی توێژینەوەكەمانە، بەهەموو تایبەتمەندی و ڕەهەندەكانییەوە، لەسەر ڕۆمانەكانی جەبار جەماڵ غەریب دا پراكتیزە كراوە.

**وشە سەرەكییەكان**: ڕوانگەی بیر ڕۆنان، ڕەخنەی هۆشەكی، كۆبیرخستنەسەر- فۆكەسكردن، بیر، مانا.

## پێشەكی

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەهۆی ئەو بەركەوتنانەی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا هەیەتی، هەوڵیداوە پەیوەندی دروست بكات، باشترین هۆكاری ئەو پەیوەندییەش زمانە، زمانیش ڕەنگدانەوەی بیرە ئەو بیرەش كە دروست دەبێت بەهۆی دروستكردنی پەیوەندییەكە لە نێوان تەن و پێكهێنەرەكانی ئەو تەنە لەگەڵ جەستەی مرۆڤ و چۆنییەتی و گۆشە و كات و شێواز و هەست و مێشک و ویستی مرۆڤە. هەموو ئەوانە بەسەریەكەوە وادەكەن جۆری ڕوانین و گۆشەی ڕوانینی كەسی دروست بێت، كە هەندێک جار هاوئاست، نزیک، یان جیاوازە لە گۆشەی ڕوانینی هەمان دیمەن و دۆخ لە لایەن كەسی دیكەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە**: تاوەكو ئێستا هەر توێژینەوەیەک لە ئەدەبی كوردیدا ئەنجامدرابێت ئەوا تەنیا لە دەق و بەرهەمە ئەدەبییەكەدا كراوە و شیكردنەوە و لێكدانەوەی بۆ كراوە، واتە كار لەسەر شیكردنەوە و لێكدانەوەی مانای بەرهەمەكە بووە، نەک خودی ئەو پرۆسانەی ماناكەی لە بیردا پێ ڕۆندراوە ، بەرلەوەی ئەو مانایە لەڕێگەی دەقەكەوە بە زمان دەربڕابێت. لە ڕەخنەی هۆشەكییدا توێژەر هەوڵدەدا،

لەڕێگەی ئەو دەق و بەرهەمە ئەدەبییەوە بچێتە ناو بیر و مێشکی نوسەرەوە، تا بگاتە ئەو گۆشەیەی، یان نزیک ئەو گۆشەیەی نووسەر لە دیمەن و دۆخەکەی ڕوانیوە و ڕوانگەکەی پێ ڕۆناوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان ناساندنی ئەو قوتابخانە ڕەخنەیی و ئەو تیۆرە نوێیەیە لە ئەدەبی کوردیدا و پراکتیزەکردنییەتی لە ژانری ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا، کە (جەبار جەمال غەریب) نموونەیەکی ئەم ڕێبازەیە. بەهۆی ئەوەی ژانری ڕۆمان نزیکترینە لە ژیانی خەڵک و ئامانجی ڕەخنەی هۆشەکیش شیکردنەوەی سادەترین ڕستەیە، تاوەکو ئاڵۆزترین و قوڵترین پرۆسە و کردەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان، کە ئێستا لە زمان و ئەدەبی ئەورووپیدا باڵی بەسەر زۆربەی توێژینەوەکاندا کێشاوە و تەنانەت پەلیکوتاوەتە ناو فەلسەفە و هونەر و تەنانەت زانستە ئابووری و سیاسی و بیرکارییەکانیشەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە سنوری ڕەخنەی هۆشەکی و تیۆری ڕوانگەی بیرڕۆنان (کۆنستروەل) و میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن بە جێبەجێکردنی لەسەر ژانرای ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، لەناویشیاندا ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی هاوچەرخی کوردی (جەبار جەمال غەریب)دا، ئەنجامدراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە و بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی بیر ڕۆنان کراوە، تەوەرەی دووەم چەمک و پێناسەی ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەل، لە تەوەرەی سێیەمدا خستنەڕووێکی گشتی تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان خراوەتەڕوو، تەوەرەی کۆتایی کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان باسکراوە. بەشی دووەم، سەرەتا باس لە میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن کراوە، وەک یەکێک لە میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەل، پاشان باس لە توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو میکانیزمە کراوە و بە نموونەی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس پراکتیزە کراوە و چۆنییەتی ڕوانگەی بیر ڕۆنانەکەیان بەپێی ئەو توخمانە دەرخراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە بە میتۆدی ڕەخنەی هۆشەکی و تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان ئەنجامدراوە.

## بەشی یەکەم: ڕوانگەی بیر ڕۆنان

### تەوەری یەکەم: ڕەگ و ڕیشەی زاراوە

ڕوانگەی بیر ڕۆنان یەکێکە لە تیۆرە دیارەکانی ڕەخنەی هۆشەکی، کە لە کۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیست و یەکدا لەسەر دەستی چەند پسپۆڕێکی زمان و زمانەوانییەوە داڕێژراوە. لەسەرەتادا لەسەر دەستی (ڕۆڵاند لانەیکەر)، بەبڵاوکردنەوەی چەند توێژینەوەیەک لەبواری زمان و زمانەوانییەوە ناسێندرا، پاشان لە سەرەتای نەوەدەکان بەدواوە زیاتر برەویسەند هەر خودی لانەیکەر (Langacker) کارەکانی فراوانتر کرد و ژمارەیەک کتێبی لەم بوارەدا نووسی و بڵاویکردەوە. هەر لەسەرەتای دوو هەزارەکان و لەگەڵ ئەم برەوپێدانەی، نووسەر و توێژەری بواری هۆشەکی (پیتەر ستۆکوێل) تیۆرەکە دەهێنرێتە ناو بواری ئەدەبییەوە، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە کارەکانی نووسەری ئیسرائیلی ڕیوڤن تسور (Tsur) کە لە (١٩٨٣)دا، توێژینەوەی بڵاودەکروە. هەرچەند بەناوی هۆشەکییەوە بڵاونەدەبوویەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کاری لە ڕەخنەی هۆشەکی شیعرییدا کردووە. لە دوو هەزارەکان بەدواوە، هەریەک لە توێژەران ستۆکوێل و لانەیکەر و دەیان توێژەری دیکەی قوتابخانەی هۆشەکی توێژینەوەیان لەسەر هۆشەکی و پرۆسەی بیری و ڕۆنانی واتا لە ژانری جیاوازی ئەدەبییەوە جێبەجێکردووە.

لەڕووی ڕەگ و ڕیشەوە (وشەی کۆنستروەڵ)"construal"ی ئینگلیزی، یان "ڕوانگەی بیر ڕۆنان" (لە وشەی (construere) زمانی لاتینی وەرگیراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٤مم وشەکە لە زمانی لاتینی دا بە واتای ڕۆنان، بنیاتنان، بەیەکەوەنان، بەیەکەوە ڕیزکردن، ڕێکخستنی سروشتییانە دێت. وشە لاتینەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: (بەشی یەکەم (con-) بەمانای "بەیەکەوە" و + بەشی

دووەم (struere) بەمانای "دانان/ڕیزکردن" دێت. ئەوەی جێی سەرنجە بەشی دووەمی وشەکە (struere) لەلاتینی کۆندا بە واتای پەرشوبڵاو دەهات) (https://www.etymonline.com/). ( پێدەچێت وشەی(struere) وشەیەکی سەربەخۆ بووبێت لە زمانی لاتینی کۆندا، کە مانای بڵاو، یان پەرشوبڵاو بووە، بۆیە بە زیادکردنی وشەی(-con) ، بەمانای بەیەکەوە دێت، بووەتە وشەیەکی لێکدراو (construere) بە مانای بەیەکەوەنان و ڕۆنان دێت، واتە بەیەکەوە دانان و ڕۆنان و ڕیزکردن بنیاتنانێک لە شتە بڵاو و پەرشوبڵاوەکانەوە هاتووەتە ئاراوە .

وشەی (construe) کە بەمانای "ڕۆدەنێت" دێت لە سەدەی ١٥ ەمەوە، هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزی و لە بنیاتنان و ڕۆنان و لێکدانەوەی مانای دەقە یاساییەکان بەکارهاتووە. بە تێپەڕبوونی کات و بەدیاریکراوی لە ١٧٠٧ ەوە وشەکە "construe" لە زمانی هەموو جۆرە دەقێک بەکاردێت بە مانای "ڕۆدەنێت، بنیاتدەنێت، دروستدەکات" دێت). دەبینین وشەی"construe" ، کە کارە لەزمانی ئینگلیزیدا، هاوشێوەی چەندان وشەی دیکەی کاری وەکو arrive" دەکات، survive "ڕزگاردەکات" بە زیادکردنی پاشگری (al) پۆلی وشە کارەکە دەگۆڕێت ناو و وشەی "construal" دروستدەبێت کە مانای "ڕۆنان"ە. لە قوتابخانەی هۆشەکیش دا لانەیکەر یەکەم توێژەر بوو، کە وشەکەی بە مانای ڕۆنانی ڕوانگەی بیریی" لە ساڵی ١٩٨٧ دا بەکارهێنا، لەو ساتەوە تا ئێستا وشەی کۆنستروەڵ بە هەمان ماناوە شوێن پێی خۆی لە قوتابخانەی هۆشەکی و ڕەخنەی هۆشەکییدا گرتووە (Langacker, 1987, p61).

**تەوەری دووەم: چەمک و پێناسەی ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەڵ**

کە دێینە سەر پێناسەی کۆنستروەڵ-ڕوانگەی بیر ڕۆنان، دەبینین لەلایەن دامەزرێنەران و توێژەرانی بواری قوتابخانەی هۆشەکی و ڕەخنەی هۆشەکییەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام کە لە مەبەستیان قوڵدەبینەوە و ڕادەمێنین، هەموویان تاڕادەیەکی زۆر هاوچەشنن. خودی لانەیکەر لە زۆربەی توێژینەوکانی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((بنەمایەکی سەرەکی قوتابخانەی هۆشەکی بە گشتی و ڕەخنەی هۆشەکی بەتایبەتی ئەوەیە، کە مانا هەر بریتیی نییە لەپەیوەندی نێوان زمان و دونیا، بەڵکو زیاتر دەوەستێتە سەر ڕوانگەی ڕۆنانی هۆشەکییانە لە بیردا. واتە، ڕوانگەی بیر ڕۆنان بریتییە لە چۆنیەتی وێناکردنی ئەو دیمەنە لە بیردا هەر ئەمەش مانا بەو کەسە، شتە، ڕووداوە، یان شوێنە دەدات، ئینجا ئەو مانا ڕۆندراوەی بیر بە زمان و کەرستەکانی دەردەبڕدریت جا چ بە وتن، یان نووسین بێت. ڕوانگەی بیر ڕۆنان تایبەتمەندییەکی مانایە و ئەو ڕێگە هەمەجۆرانەی پۆلێنکردنی ڕووداوێک، بارودۆخێک، یان دیمەنێک دەگرێتەوە، هەروەها پێکهێنەرەکانی، بەشدرابووەکانی، سیفەتەکانی و پەیوەندییەکانی نێو هەریەکێک لە خودی ئەمانە و پەیوەندی هەریەکێکیشیان بەوەی، یان بەوانی دیکەوە دەگرێتەوە)) ,Langacker (61 1987,p )، دەبینین لە دوای نزیکەی سی ساڵ و بڵاوکردنەوەی چەندان توێژینەوە و کتێب لە چوارچێوەی قوتابخانەی هۆشەکی و بەتایبەتی باسکردنی ڕوانگەی ڕۆنانی بیریی لانەیکەر هەمان پێناسەی بۆ ئەم تیۆرە دووبارەکردووەتەوە بێ ئەوەی تەنانەت یەک وشەشی لێ بگۆڕێت. کرۆکی پێناسەکەشی ئەوەیە، کە مانا لەبیردا ڕۆدەندرێت بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیەی، کە ئەو کەسە پێی لەو دیمەنە دەڕوانێت و تەن و پێکهێنەرەکانی ئەو دیمەنە بەیەکەوە دەنێت و پەیوەندییان لە نێوان دروستدەکات و دیمەنەکە لە بیریدا وێنا دەکات، ئینجا ئەم مانا ڕۆندراوە بە زمان و کەرستەکانی دەردەبڕدرێت. واتە هەرکەسێک بەپێی ئەو ڕوانگەیەی لەبیریدا هەیەتی.

لەلایەکی دیکەوە، ئەمە ئەوەش دەگەیێنێت، کە ئەو هەمەجۆریەتییە دەوەستێتە سەر بژاردەکانی چۆنیەتی بینین و تێڕوانین لەو ڕووداوە، ئەو هەمەجۆریەتییەی بژاردەکان پەیوەستە بە ئەزموونکردن لە ژیاندا، تەواوی بەئەزموونکردنیش هۆشەکییانەیە. ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێدەڵێت: دەکرێت هەر ڕەوش و دۆخێک بەچەندان ڕێگەی جیاواز پەیوەست بکرێت بە گوێرەی هەموو ئەو وێناکردنە جیاوازانەی کە بەهۆی پەیوەندی نێوان بەشداربووان و دیمەنەکە دروست دەبن. هەروەها بەخشینی مانا بەو ڕەوش و دۆخە دەوەستێتە سەر چەند هۆکارێکی دیکەش، وەکو: زانیاری لەپێشینەی کەسەکە و سیاقە کۆمەڵایەتی و فیزیکی، سیاقی دەربڕینەکە و مەبەست و ئامانجی دەربڕینەکە.

نووسەرێکی دیکەی دیاری بواری قوتابخانەی هۆشەکی، جۆن تایلەر (Taylor) بەم شێوەیە پێناسەی کۆنستروەڵ دەکات ((پرۆسەیەکە، کە تیایدا بارێکی دیاریکراو لەلایەن کەسی نێنەر پێکدەهندرێت و ڕۆدەندرێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆر)) (Taylor, 2002, p589). ئەگەرچی پێناسەکەی تەیلەر باسی وردەکاری خودی پرۆسەکە ناکات، کە چۆن ڕوودەدات، بەڵام ئەوە دەگەیێنێت کە دەکرێت هەمان تەن، شت، ڕووداو و ڕەوش بە ڕێگەی جیاواز ڕۆبندرێت ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو کەسە ڕۆنانەکە ئەنجامدەدات و بۆ چ مەبەستێک بەم شێوەیە ڕۆنانەکە ئەنجامدەدات.

لەساڵی(٢٠٠٤) دا هەردوو توێژەری دیاری بواری قوتابخانەی هۆشەکی (ویلیەم کرۆفت Croft) و (ئالان کرۆسCruse ) کتێبێکی تیروتەسەلیان لە چوارچێوەی قوتابخانەی هۆشەکییدا نووسی و تیایدا، دەڵێن: (چۆنیەتی بە ئەزموونکردنی هەر شتێک لە ژیاندا پەیوەستە بە کۆنستڕوەڵەوە، دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە ئەو کەسە چۆن ئەو ئەزموونەی وێنادەکات و دەیگەیەنێت بە کەسانی دیکە، وەرگر)) ( Croft and Cruse, 2004, p19). ئەم پێناسەی کرۆفت و کرۆس کونستروەڵ یەکسان دەکات بە چۆنیەتی وێناکردنی هەر دیمەن و ڕووداو و ڕەوشێک لە بیردا، دەکرێت هەمان کەس بتوانێت وێناکردنی جیاوازی بۆ هەمان شت و دیمەن و تەن و کەس هەبێت، لەوەش زیاتر دەکرێت ئەم وێنانەکردنەی هەمان شتیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، سەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکدی جیاوازبن.

دەبینین هەم تایلەر و هەمیش کرۆفت و کروز وەکو لانەیکەر باسی ئەوە دەکەن، کە کەسی ئاخێوەر چەند بژاردەیەکی بۆ مانا بە بەرداکردنی هەمان دیمەن و دۆخ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان وەکو خودی لانەیکەر پێناسەکەیان بە وردەکارییەوە نەکردووە، هەرچی تایلەرە جەخت لەسەر مەبەستی نێنەر دەکاتەوە، لەوکاتەی کرۆفت و کروز جەختییان لەسەر کۆتایی پرۆسە بیرییەکەیە کە وێناکردنە کردووەتەوە، وێناکردنیش واتە گشتگیرکردنی هەموو لایەنێکی ئەو دۆخ و دیمەنەیە بەسەر یەکەوە، وەکو یەک پێکهێنەر.

گیرارتس (Geeraerts ) لە پێناسەی کۆنستروەڵ دا، دەڵێت: (پرۆسەی ڕوانین و ڕۆنان و مانا بەبەرداکردنی جیهان لە ئەنجامی توانا هۆشەکییە گشتییەکانەوە دێتە ئاراوە، کە پێی دەڵێن کۆنستروەڵ-ڕوانگەی بیر ڕۆنان) (Geeraerts, 2006, p4). ئەم پێناسەیە جەخت دەخاتە سەر توانا هۆشەکییە گشتییەکان، کە ئەو توانایانەن وادەکەن لە بە ئەزموونکردنی دۆخێک ڕێگەی جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ) بخەنە بەردەم کەسەکە. بەواتایەکی دیکە، هەبوونی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و پاشخانی زانیاری لەلایەن وەرگرەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ خوێندنەوە و هەبوونی دەلالەت و مەدلوولی جیاواز و فرە ڕەهەند بۆ هەمان شت و بارودۆخ لەلایەن هەمان کەسەوە.

هەردوو توێژەری دیاری قوتابخانەی هۆشەکی (ڕادن Radden) و (دیرڤن Dirven) پێناسەی کۆنستروەڵ دەکەن بەوەی، کە ((بۆ دۆخێک، دیمەنێک و بارێک کەسێک دەتوانێت یەکێک لەنێو چەند بژاردەیەک هەڵبژێرێت، بە واتایەکی دیکە ڕێگەیەک لە نێو ئەڵتەرناتیڤەکانی وەرگرتن و ڕۆنانی ئەو دیمەن هەڵبژێرێت. هەروەها دەشێت ئەو بژاردەی کەسی قسەکەر-نووسەر هەڵیدەبژێرێت لە بیریدا بۆ وەرگرتن و ڕۆنانی ئەو دیمەنە جا لە ڕوانگەی خۆی، یان لە ڕوانگەی کەسی وەرگرەوە بێت)) ( Radden and Dirven, 2007,p1). کەوایە، کونستروەڵ بریتییە لە هەبوونی چەند بژاردەیەکی جێگرەوە و لە بڕی یەکتری بۆ درککرن و وێناکردن و ڕۆنانی ڕووداوێک، دۆخێک، یان دیمەنێک لە بیردا، ئینجا هەڵبژاردنی شیاوترینیان بژاردە بەپێی مەبەستی قسەکەر-نووسەر و گواستنەوەی لە ڕێگەی کەرستەکانی زمانەوە بۆ وەرگر.

نووسەری دیاری ڕەخنەی هۆشەکی پیتەر ستۆکوێل، دەڵێت: کونستروەڵ ((بریتییە لەو ڕێگە جیاوازانەی بۆ بینین و ڕوانین لە دیمەنێک و ڕۆنان و دەربڕینی ئەو دیمەنە بەکاردێن. هەموو دەربڕینێکی زمانەوانی ماناکەی لە ئەنجامی کونستروەڵێکەوە پەیدابووە، هەموو شتێک ماناکەی بریتییە لە هەبوونی چەند تەنێکی فیزیکی و کەسێک، ئینجا پەیوەندی نێوان ئەو کەسە و تەنەکان مانا دێنێتە ئاراوە. هەر مانا ڕۆنان بەهۆی ڕوانگەی بیرییەوە وادەکات دەقی ئەدەبی پەیوەندی و پەیوەست بوون لەنێوان تەواوی دەقێکی ئەدەبی هەبێت هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی، هەمیش پەیوەندی لە نێوان نووسەر و گوێگر هەبێت))

(Stockwell, 2009,p168). ستۆکوێڵ یەکێک بوو لەو نووسەرە پێشەنگانەی ڕاستەوخۆ باسی کۆنستروەڵ بکات و لە دەقی ئەدەبی دا بەرجەستەی بکات. ئا لێرەوە ئەم تیۆرە خزایە ناو ڕەخنەی هۆشەکی و توێژینەوە ئەدەبییەکان.

هەر ستۆکوێڵ (Stockwell) لەگەڵ نووسەران (کلۆوی هاریسن،Chloe ) ( لویس ناتاڵ Louise) پیتەر ستۆکوێڵ و وانجوانیان لە کتێبی (ڕێزمانی هۆشەکی لە ئەدەب دا: ڕێبازێکی زمانەوانیانە لە ئەدەب *Cognitive Grammar in Literature: Linguistic Approaches to Literature*) دا چەند لایەنێکی کۆنستروەڵ و قوتابخانەی هۆشەکییان لە دەقی ئەدەبییدا جێبەجێکرد، دەڵێن: ((شا خاڵی بەستەرەوەی نێوان زمانەوانی هۆشەکی و ڕەخنەی هۆشەکی لە چوارچێوەی قوتابخانەی هۆشەکییدا بریتییە لە ڕۆنانی مانا. لە هەموو بارێکدا نێنەر مانا ڕۆدەنێت لە ڕوانگەیەکی بیرییەوە، ئەم مانا ڕۆنانەش پرۆسەیەکی فرەقۆناغی بەیەکداچوو و تەواوکارییە و بەهۆیانەوە دۆخێک، دیمەنێک، یان ڕووداوێک بە ڕوانگەی جێگرەوە ڕۆدەنرێت)) (Chloe, Louise, Stockwell. and Yuan, 2014, p8-9).

کۆی بنەچەتە و خاڵی دەستپێک و کرۆکی ئەم پێناسانە هەموویان تاڕادەیەکی زۆر لەسەر پێناسەکەی دانەری تیۆرەکە (لانەیکەر) سەرچاوەیان گرتووە و درێژەپێدەر و ڕوونکەرەوەی ئەون. هەموو پێناسەکانیش ئەوەمان پێدەڵێن، کە کۆنستروەڵ واتا هەبوونی سێگۆشەی بیر-تەن-زمان بۆ وێناکردن و ڕۆنان و گەیاندنی مانا و مەبەستێکی هەر دەربڕینێکی زمانی جا بە قسەکردن، یان بە نووسین بێت. لە نێو خودی بیریشدا چەندان بژاردەی جێگرەوەی یەکتری هەن کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لێکچوون و جیاوازی لە نێوانیان دا هەیە. ئەو بژاردانەش لە بە ئەزموونکردنەوە دروستبوون، بەئەزموونکردنیش پەیوەستە بە پێشخان و زانیاری و هۆشیاری و هەست و کلتوور وتەمەن و تێگەیشتوویی. هەروەها مەبەست لە "تەن "واتە ئەو کەس و شت و شوێن و کات و قەبارە و شێوەی بەیەوەکەوە بوونەی ماددە پێکهێنەر و بەشداربووەکانی نێو ڕووداوێک، دیمەنێک، بارێک و ڕەوشێکن. ئینجا بەپێی سیاقی دەربڕینەکە، یان دەقەکە و مەبەستی خۆی کەسی قسەکەر-نووسەر بژاردەیەک لە نێو ئەو بژاردانەی بیری خۆی هەڵدەبژێرێت و لێیەوە لە ماددە پێکێهنەرەکانی دیمەنەکە دەڕوانێت. دەشێت ئەو بژاردە بیرییە هەڵبژێردراوەی کەسی دەربڕ تەواو جیاواز بێت لە ڕوانگەی کەسی گوێگر - خوێنەر، یان زۆر کەم، کەم، مامناوەند، زۆر، هەر زۆر زۆر، یان ڕێک هاوشێوەی بێت. پاشان، هەرچی زمانە وشە و دەربڕین و ڕستە و کەرستەی جیاواز و جۆراجۆر بەکاردێنێت تاوەکو هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی ئەو بژاردە بیرییە هەڵبژێردراوەی کەسی قسەکەر-نووسەر بێت. هەر بەو کەرستە زمانیانەش ئەو بژاردە بیریانە هەستیان پێدەکرێت و پۆلێندەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ وەرگر. بەم شێوەیە، کۆنستروەڵ دەبێتە ئەو توانا هۆشەکییەی، کە مرۆڤ هەیەتی لە وێناکردنی دیمەنێک بە ڕێگەی جێگرەوە و دەربڕینیان بە زمان، بەمانایەکی دیکە، ڕوانگەی بیر ڕۆنان بریتییە لە وێناکەر-وێناکراو- و پەیوەندی نێوانیان.

ئەگەر نێرەر و وەرگر چەند ڕوانگەی ڕۆنانی بیریان بۆ دیمەن و ڕووداو و کەس و شتەکان لەیەکەوە نزیک بێت، ئەوا هەمان مانا، یان مانایەکی زۆر نزیک لەیەک بە بەر ئەو تەن و کەس و شت و ڕوودا و دیمەنانە دا دەکەن. ئەگەر خوێنەر لە ڕوانگەی بیرییە جێگرەوەکان لەو دیمەن و کەس و شت و ڕووداوانەی ناو ئەو دەقە ئەدەبییەیان ڕوانی، ئەوا بە شێوەیەکی ڕێژەیی مانایەکی جیاواز لەو مانایەی نووسەر هەیەتی بەبەر ئەو دیمەن و شت و ڕووداوانە دا دەکەن. هەر بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، دەربڕینی هەر شتێک بە گوتن، یان نووسین بێت بریتییە لە هەڵبژاردنی بژاردەیەک، کە کەوتووەتە سەر پەیوەندی بیریی نێوان ئەو کەسە قسەکەر-نووسەر لەگەڵ ئەو تەنە، یان تەنانە کە لە دیمەنەکە دا هەن.

تەوەری سێیەم: خستنەڕووێکی گشتی تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان

ئەم تیۆرە، ڕوانگەی بیر ڕۆنان- کۆنستروەڵ، بۆ یەکەمینجار لە لایەن یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکان و توێژەرە پڕبەرهەمەکانی قوتابخانەی هۆشەکییەوە لە ژێر ناوی ئەم زاراوەیەوە بە ڕێکخراوەیی هاتەئاراوە، ئەویش ڕۆناڵد وەین لانەیکەر بوو (Langacker, 1987, p99 و

Langacker 2013,p198). هەر زوو هەمان بیرۆکە لە دامەزرێنەرێکی دیکەی سەرەکی قوتابخانەی هۆشەکی باسی لێوەکرا ئەویش لیۆنارد تاڵمی بوو Talmy, 1988, p166). ئەوەی جێیی سەرەنجە هەردوو نووسەر باسی کۆنستروەڵیان کردووە، یان زیاتر لە چوارچێوەی زمانەوانی هۆشەکی دا، بەدیاریکراویش یەکەمیان لە ڕێزمانی هۆشەکی و دووەمیان لە واتاسازی هۆشەکییدا. هەرچەندە، لەبەرانبەر ئەوەدا دامەزرێنەری ڕەخنەی هۆشەکی لە ئەدەبدا، ڕیوڤن تسور لە کارەکەی ساڵی ١٩٨٣ ی دا لە هەندێک لە شیکردنەوەکانی بۆ دەقی شیعری، شیکارکردن و لێکدانەوەکانی لە چوارچێوەی تیۆری کۆنستروەڵ بوو بێ ئەوەی ئەو زاراوەیە بەکار بێنێت، بەڵکو هەر لە ژێرناوی ڕەخنەی هۆشەکی شیعری بووە بە گشتی. تسور لە شیکردنەوە و لێکدانەوە هۆشەکییەکانی دا باسی چەند کردە و پێکهێنەرەی سەرەکی تیۆری کۆنستوەڵی کردووە، وەکو کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن بە تایبەتی پێشخستن و دواخستن و داڕشتن، دەرخستن و کات (Tsur, 1983). ئەم هەوڵەشی لەبەرهەمەکەی ساڵی (Tsur, 1992) دا زیاتر دەوڵەمەند کرد، بەڵام هێشتان لە ژێر ئەم زاراوەیە دا کردە و پێکهێنەرەکانی ڕێکنەخستبوو .

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا نووسەرێکی دیکەی دیاری ڕەخنەی هۆشەکی ئەو هەوڵەی تسور زیاتر پەرەپێدا ئەویش پیتەر ستۆک وێڵ بوو کاتێک لە کتێبەکەی دا لە ژێر چەند پێکهێنەرێکی وەکو تەن و بنکە تیۆری کۆنستروەڵ دەقی ئەدەبی شیکردەوە و لێکدانەوەی هۆشەکییانەی بۆ کرد، بەڵام ستۆک وێڵیش وەکو تسور ئەم زاراوەی کۆنستوەڵی بەکارنەهێنا و تەواوی پێکهێنەرەکانی تیۆرەکەی لە تیۆرێکی دیاریکراو دا یەک نەخست. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ستۆکوێڵ (Stockwell, 2009) جارێکی دیکە لە کارێکی دیکەی دا بە ئاشکرا و لە ژێر ئەم زاراوەیە باسی تیۆری کۆنستروەڵی نووسەر لانەیکەر دەکات و زۆربەی زۆری پێکهێنەرەکانیشی لە دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی لەڕێگەی پێکهێنەرەکان و زاراوەکانی ئەم تیۆرەوە دەکات.

بە گشتی لەم تیۆرەدا دەکرێت کۆنستروەڵەکان لە ئاستی وشە، یان ڕستە، یان دەستەواژەیەک، دێرێک، یان کۆپلەیەک، یان دەقێکی پەرەگرافی، یان دەقێکی درێژتر بێت. بۆ نموونە، لیۆنارد تاڵمی، دەڵێت: ((ئەگەر چەند کەسێک بەیەکەوە سەیری ئاسمان بکەن و سەرەنجی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی چەند ئەستێرەیەکی دیاریکراو نزیک لە یەک بدەن، دەکرێت ڕوانگەی ڕۆنانی بیریی هەریەکەیان بۆ دیمەنەکە لەوەی دیکەیان جیاوازبێت)) (Talmy, 1990, p61) وەکو:

١.بورج (کەلوو)

٢ .هێشووە ئەستێرە

٣ .پەڵە ڕووناکییەکانی ئاسمان

دەبینین جیاوازی لە نێوان هەریەک لەم دەربڕینانە دا هەیە و هەریەکەیان دەوەستێتە سەر ئەو تێروانین و ڕوانگە بیرییەی کە پێی ڕۆندراوە. هەمووشیان بەیەکەوە دەبنە تێروانینە بیرییە جێگرەوەکان-کۆنستروەڵەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەی ڕۆنانی بیریی هەریەکەیان بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکەوە بووە کە لەو دیمەنەدا هەیە. ( تاڵمی ) لە دەربڕینێکدا دەڵێت : ((جیاوازی لە دەربڕینەکان دا بۆ جیاوازی لە بیریی کەسەکان دەگەڕێتەوە، جیاوازی بیریشیان بۆ جیاوازی ڕوانگەی ڕۆنانی ئەو بیرەیان دەگەڕێتەوە، جیاوازی ڕوانگەی ڕۆنانی بیریش دەوەستێتە سەر ئەو میکانیزمە هۆشەکییەی کە پێی لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دیمەنە دەڕواندرێت، ئەم میکانزیمەش لە تیۆری کۆنستروەڵ دا بریتییە لە سنوورەکانی زانین)) ( Talmy, 2000a, p58). ئەو کردەیە لای هەموو ڕۆنەرێک بنەمایەکی نەگۆڕی هەیە.

ئەم وتەی لانەیکەر ڕێگەخۆشکەرە تاوەکو نموونەی لەم شێوە "١،٢،٣" شیکردنەوە و لێکدانەوەیان لە ژێر چەتری کۆنستروەڵدا بۆ بکرێت، هەربۆیە جیرارت و چاکینس، دەڵێن: (بۆ دەربڕینی یەکەم (بورج-کەلوو) سنووری زانینی کەسی قسەکەر بریتییە لە تێروانینێکی نەریتیانەی کلتووری بۆ وێناکردن و ڕۆنانی مانای ئەو پێکهاتەی ئاسمان لە بیریدا. دەکرێت لە هەرکلتوورێکدا لە بیریان دا تێروانینێکی دیاریکراویان

بۆ ئەو شێوە دەرکەوتنە هەبێت و دەربڕینەکەش دەرخستن و نیشاندانی ئەو تێڕوانینە بیرییەیە. ئاساییە لە هەندێک کلتووردا ئەم شێوە دەرکەوتنەی لە ئاسمان درابێتە پاڵ ئاژەڵێک، شتێک، یان بوونەوەرێکی ئەفسانەیی. لە کاتێکدا بۆ دەربڕینی دووەم "هێشووە ئەستێرە" کەسی قسەکەر پێویستی بە سنوورێکی زانینی لەم چەشنەی شێوەی یەکەم نییە بۆ ڕۆنانی مانای ئەم پێکهاتەی ئاسمان لە بیریدا. زۆر بە سادەی بە گرووپێک، یان کۆمەڵە ئەستێرەیەک لێیان دەڕوانێت و وێنایان دەکات. ئەو میکانیزمەی سنووری زانین سادەتر دەبێتەوە لای کەسی دووەم و تەنیا جەخت دەخاتە سەر شێوەی داڕشتن و پێکهاتەکەی بۆ وێناکردنی ئەو دیمەنە و مانا بەبەرداکردنی. بەهەمان شێوە، بۆ ئەم پێکهاتە و دیمەنەی ئاسمان میکانیزمی سنووری زانین لە تێڕوانین و وێناکردنی بیری کەسی سێیەمدا هێشتان سادەتر دەبێتەوە و لای ئەو کۆمەڵە و گرووپیش گرنگ نییە، تەنیا بە "پەڵەی ڕووناکی ئاسمان" لێیان دەڕوانێت و لە بیریدا وێنایان دەکات) Geeraerts and Cuyckens, 2007, p49). بە دیوێکی دیکەدا، هەمان شت لای کەسی دووەم بەهۆی تایبەتمەندییەکەوە باسدەکرێت، کە بوونە گرووپ و هێشووبوونە، لەوکاتەی لای کەسی سێیەم بەهۆی تایبەتمەندییەکی دیکەوە باسدەکرێت، کە بوونی ڕووناکییە.

سەرەڕای ئەوەی، کە تێبینیمانکرد ئەم شیکردنەوەی **جیرارت** و **چاکینس** زۆر لەبار و شیاوە، لەگەڵ ئەوەش دا دەکرێت بە دیدێکی دیکەی وەکو تاڵمی زیاتر وردەکاری ڕوانگەی بیر ڕۆنانەکە شیبکرێتەوە. لەلای تاڵمی دا، (هەردوو شێوەی دووەم "هێشووە ئەستێرە" و سێیەم "پەڵە ڕووناکییەکانی ئاسمان" قسەکەرەکان لە تێڕوانین و وێناکردن بۆ ئەو دیمەنەی ئاسمان لە بیریان دا جەختیان خستووەتە سەر داڕشتن و پێکهاتەکەی، وەکو کۆمەڵە بوون و هەبوونی تیشک و ڕووناکی. واتە، لە ڕوانگەی بیریی ئەو دوو کەسە بە جەخت خستنە سەر چەندینەبوون و کۆبوونەوەی بەسەر یەک و ڕووناکیدان ئەم دیمەنەی ئاسمان وێناکراوە و مانای ڕۆندراوە. لە بەرانبەردا، ڕوانگەی بیری کەسی یەکەم بەم شێوەیە سەربەست نییە و زیاتر کلتووریانەیە و کلتوور ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە دیاریکردنی گۆشەی ڕوانین و وێناکردنی ئەم دیمەنەی ئاسمان لە بیریدا). (Talmy, 2000a, p59). ئەم نموونە سادەیە دەریدەخات کە ڕوانگەی بیر ڕۆنانەکان دەوەستنە سەر چەند هۆکار و میکانیزم و ڕەهەندێک لە بیردا کە بەهۆیانە لە دیمەنێک، ڕووداوێک، شتێک، کەسێک، بۆنەیەک، تەنێک، دۆخێک، ڕەوشێک، یان شوێنێک دەڕواندرێت لە بیردا وێنادەکرێت و ئینجا واتا وەردەگرێت. هەر یەکێکیش لەم ڕوانگە ڕۆنانییە بیرییە جێگرەوانە کەرستەی دیاریکراوی هاوئاستی هەیە، تا لە زمان دا پێی دەربڕدرێت.

ئەگەر ئەم نموونەی سەرەوە لە ئاستی وشە، یان کورتە دەربڕین بێت، ئەوا ڕانداڵ هۆڵم (Holme) نموونەکانی (٤ و ٥) مە لە ئاستی ڕستە کۆنستروەڵ دەردەخەن.

٤ .شەیدای هەولێرم.

٥ .هەولێرم زۆر خۆشدەوێت.

هۆڵم لە باسی ئەم دوو ڕستەیەدا، دەڵێت: بە گشتی، لە دەرەوەی چوارچێوەی قوتابخانەی هۆشەکی ئەم دوو ڕستەیە بەلای وەرگرەوە هەمان مانا دەگەێنن، لەسەر بنەمای ئەوەی بڕ و هێزی "شەیدابوون = بە زۆر خۆشویستن". بەڵام لە چوارچێوەی تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان قوتابخانەی هۆشەکی دا ئەم دوو ڕستەیە بە ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەل-ە جێگرەوەکان دادەندرێن. بە پێی میکانیزم و کردەی کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن-ی ڕوانگەی بیر ڕۆنان بێت، لەڕستەی (٤) مە دا لە ڕوانگەی ڕۆنانی بیریی فۆکەسی کەسی قسەکەر-نووسەر لەسەر خودی خۆیەتی، واتە فۆکەسە بیرییەکە لەسەر بکەری ڕستە خۆیەتی. لەوکاتەی لە ڕستەی (٥) مە دا کۆبیری کەسی نێنەر لەسەر خودی خۆی نییە و لەسەر "هەولێر"ە. بە مانایەکی دیکە، بە هۆی بنەمای پێش و پاشخستنی میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر، لەڕستەی (٤) دا خودی بکەر، نێنەر، چەقی وێناکردنی ئەو هەست و سۆزەیە، کە بۆ هەولێر لە بیرییدا هەیەتی. لە بەرانبەردا، لەڕستەی (٥) دا هەولێر چەقی وێناکردنی ئەو هەست و سۆزەیە کە لە بیرییدا بۆ ئەو شارە هەیەتی (Holme, 2009, p.111). هەر ئەم جیاوازییەی میکانیزمی فۆکەسکردنەی ڕوانگەی ڕۆنانی بیرییە

وایکردووە پێکهاتەی زمانی هەردوو ڕستەکە جیاوازبن و لە شیکردنەوەیان بە وردی جیاوازیی مانایی دوو ڕستەکەمان بۆ دەرکەوێت.

هۆشەکی بوون واتە مێشکی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە لە گۆشەی جێگرەوەوە لە هەمان ڕووداو و دیمەن و بار بڕوانێت بەپێی وێناکردن، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو وێناکردنەش میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنانن. کاساد (Casad ) باسی ئەوەدەکات، کە (یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی مانا بەبەرداکردنی ڕستەکانی زمان بریتییە لە چەقی زەینی ڕستە بەرەو کەسی بوون، یان بەرەو بابەتی بوون) ( Casad, 1995, p23). ئەم نموونانەش پشتڕاستی ئەو بنەمایە قوتابخانەی هۆشەکی دەکەنەوە، کە بەهۆی ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەلەوە هیچ دوو وشە، دەربڕین، دەستەواژە و ڕستەیەک ڕێک و لە سەدا سەد هەمان واتایان نییە و هاوواتای تەواو نین.

لەم توێژینەوەماندا بۆ پۆلێنکردنی کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان پەیرەوی کتێبەکەی لانەیکەر (Langacker, 2013) دەکەین، کە کۆکەرەوە و فراوانکەری هەموو دید و بەرهەمەکانی لانەیکەر و تاڵمیە لەسەر ئەم تیۆرە، بۆ شیکارکردن و لێکدانەوەکان، ستۆک وێل (Stockwell, 2009) جێبەجێدەکەین، کە ئەمەش ڕەگ و ڕیشەی کارەکانی بۆ ڕیوڤن تسور، دامەزرێنەری ڕەخنەی هۆشەکی شیعرییە، دەگەڕێتەوە لەپاڵ ئەمانەشدا، سوود لە کاری نووسەری دیکەی بواری قوتابخانەی هۆشەکی وەردەگرین کە زۆر دیار و بەرچاون لە شیکردنەوەی دەق و کاری ئەدەبی لە چوارچێوەی ڕەخنەی هۆشەکی دا، لەوانەش ڕایمۆند گیبس (Gibbs, 1994,)، مارک تێرنەر (Truner, 1996)، جەوانە گاڤینس و جیراڕت ستێن (Gavins and Steen, 2003) و کلۆوی هاریسن (Harrison, 2017).

تەوەری چوارەم: کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان

سەبارەت بە میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان لانەیکەر دەڵێت: (مانای هەر وشە، وتە، قسە، دەربڕین، ڕستە و پەرەگرافێک ناوەڕۆکێکی بیری هەیە و زۆر گرنگە بزانین کە ئەو ناوەڕۆکە بیرییە چۆن ڕۆندراوە. ئەگەر ڕۆنانی مانای دیمەنێک وەربگرین، ئەوا دەبینین مانا ڕۆنانەکەی دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە لە بیرماندا چۆن بۆ دیمەنەکە دەڕوانین، واتە چۆن ڕوانگەی بیریمان هەڵدەبژێرین بۆ ئەو دیمەنە، لەبەرچی ئەو ڕوانگەیە هەڵدەبژێرین و زۆرترین کۆبیرمان دەخەینە سەر کام بەش و پێکهێنەری و لە چ گۆشەیەکەوە لێی دەڕوانین) (Langacker, 2013, p55). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەیەک کردە و میکانیزمی هۆشەکی هەیە، کە بەهۆیانەوە ڕێگە و شێواز و چۆنییەتی و هۆی ڕوانگە ڕۆنانە بیرییەکانی دیمەنێکمان بۆ دەردەخەن، پاشان ئەو ڕوانگە ڕۆندراوە بیرییە بە زمان و کەرستەکانی دەردەبڕدرێن.

دەربارەی ئەو کردە و میکانیزمانەی ڕوانگەی بیر ڕۆنان، ڕادن و دێرڤن، دەڵێن: ((ڕوانگەی بیر ڕۆنان چەند کردە و میکانیزمێکی هەیە، کە وادەکەن مرۆڤ بتوانێت زیاتر لە ڕێگەیەکی هەبێت بۆ بیرکردنەوە و ڕامان لە دیمەنێک، یان دۆخێکی دیاریکراو وێناکردنی لە بیریدا و ئینجا دەربڕین و وەسفکردنی بە زمان)) ( Radden and Dirven, 2007, p21-22). هەروەها، دەڵێن: (ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەل-ەکان، تاڕاددەیەکی زۆر هاوتای بنەماکانی ئەو وەرگرتن و درکپێکردن و تێڕوانینانەن کە لەڕێگەی بینینەوە ئەنجامدەدرێن. بۆ نموونە، دەتوانم سەیری پەرداخێک ئاو بکەم کە تا نیوە ئاوی تێدایە، و بڵێم نیوەی بەتاڵە، یان بڵێم تا نیوەی ئاوی تێدایە. لەباری بەتاڵییەکە شوێن گۆشەی بیریم لەسەر نیوە بەتاڵەکەیە، ئەو نیوەی، کە ئاوەکەی تێدا نەماوە، لەباری دووەمدا، شوێن گۆشەی بیریم دەکەوێتە سەر ئەو نیوەی، کە ئاوەکەی تێدا ماوەتەوە. کەواتە، سەیرکردنی هەریەکێک لەم دووە نیوەی ئەم پەرداخە دەوەستێتە سەر ئەو شوێن گۆشە بیرییەی هەڵدەبژێرم و بەکاری دێنم) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٢). شوێن گۆشەی بیریش یەکێکە لە چەند کردە و میکانیزمانەی ڕوانگە ڕونانی بیریی و بەگوێرەی ئەم میکانیزمە-شوێنە گۆشەی بیریی، تێڕوانین و وێناکردن و وەسفکردنمان بۆ هەمان بار و تەن (پەرداخەکە) دەگۆڕێت. ئەم تێڕوانین و وێناکردن و وسفکردنە گۆڕاوانەش جێگرەوەی یەکترن و پێیان دەڵێن: ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنستروەڵ-ەکان .

لانەیکەر، دەڵێت: (ڕوانگەی بیر ڕۆنانەکان وەکو ئەوە وایە کە لە دیمەنێک دەڕوانی، لە بیردا چوارچێوەیەک بەدەوری ئەو شوێنەدا، تەنەدا، ڕووداوەدا بکێشی، کە دەتەوێت وێنای بکەیت، دەکرێت بە شێوەی جیاجیا ئەو چوارچێوە بەدەور کێشانە ئەنجامبدرێت و ببێتەهۆی وێناکردنی جیاواز. ئەم لەچوارچێوە گرتنەش پەیوەندی بە بەشداربوو -ڕۆنەر- لەگەڵ دیمەنەکە، هەروەها هۆکارەکانی وەکو زانیاری و پاشخانی کەسەکە، لایەنی فیزیکی و پێکهێنەرەکانی ڕووداوەکە-دیمەنەکە، کات و شوێن هەیە ( Langacker, 2008, p4). ئیتر دەبینین کە ئەو چوارچێوە بەدەورکێشانە میکانیزمێکی دیکەیە، کە وادەکات هەمان دیمەن و بار و ڕووداو بە شێوەی جێگرەوەی شیاو وێنابکرێن و دەربڕدرێن و بە زۆریش دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە قسەکەر دەیەوێت جەخت و تیشک بخاتە سەر کوێ و بۆچی. میکانیزمی ڕێکخستن یەکێکە لەو کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگە ڕۆنانی بیری کە لەلایەن لانەیکەر (Langacker, 2008, 2013) و ستۆکوێڵ (Stockwell, 2009) پۆلێن و ڕێکخراون.

**بەشی دووەم: میکانیزمی کۆبیرخستنەسەری ڕوانگەی بیر ڕۆنان لە ڕۆمانەکانی جەمال جەبار غەریب دا:**

## ٢.٤.٢ کۆبیرکردن-فۆکەسکردن

یەکێک لە میکانیزم و کردەکانی دیکەی ڕوانگە ڕۆنانی بیریی بریتییە لە کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن. لەمبارەیەوە **لانەیکەر**، دەڵێت: ((کاتێک مرۆڤ لە دیمەنێک دەڕوانێت، ئەوا بۆ ڕۆنانی ئەو دیمەنە لە مێشکییدا چەند خاڵێک، یان لایەنێک لەو دیمەنە هەڵدەبژێرێت و سەرەنج و کۆبیری دەخاتە سەریان. لە هەمان کاتدا، تاڕاددەیەک بە پشت گوێخراوی و بە فەرامۆش کردنەوە سەیری خاڵ و لایەنەکانی دیکە دەکات. ئەم کۆبیر-فۆکەسکردنە بیرییە بە کەرەستەکانی زمان هێما دەکرێن، دەردەبڕدرێن و تیایاندا ڕەنگدەداتەوە)) ( Langacker, 1990, p69). مەبەستی لانەیکەر ئەوەیە لە سەیرکردنی دیمەن و ڕۆنانی ئەو دیمەنە لە بیردا، کەسەکە بە جۆرێک بەش و پێکهێنەرەکانی لە دید و بیری دا ڕیزدەکات و ڕێکدەخات، کە چەند بەش و پێکهێنەرێکی دیمەنەکە دەکاتە ناوجەرگەی بیریی و زەقیان دەکاتەوە، لەوکاتەی بەش و پێکهێنەرەکانی دیکەی هەمان دیمەن بەلاوەکی دەکرێن لەو سەیرکردن و بیر ڕۆنانەدا.

هەروەها لانەیکەر باسی ئەوەش دەکات (ئەم میکانیزیمە پشت بە هۆکار و مەبەست دەبەستێت، دەکرێت هەمان ئەو بەشەی، کە فۆکەسدەکرێت لە کاتێکی دیکەدا بەلاوەکی بکرێت، ئەوەی لاوەکی بوو، ئەمجارە ببێتە جێی کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن) ( Langacker, 2008, p36). مێشکی مرۆڤ لەیەککاتدا ناتوانێ کۆبیر بخاتە سەر هەموو خاڵەکانی ئەو دیمەن و دۆخانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە هۆکار و مەبەست بەم ڕێکخستنانە هەڵدەستێت. دەبینین لانەیکەر ئەوەمان پێدەڵێت: (لە زۆربەی بارە ئاساییەکانی ژیاندا مرۆڤ خەڵک و شت و دیمەنی زۆری لەدەوروبەرە و ناتوانێت لە یەک کاتدا فۆکەس بخاتە سەر هەموویان، هەربۆیە هەستەکانی یارمەتی دەردەبن تاوەکو ویستەکانی بۆ کەسەکە، شتەکە، شوێنەکە، یان دیمەنەکە بە جۆرێک بگەیێنێتە بیریی ئەوەی بیەوێت زەقی بکاتەوە، ئەوانی دیکەی بۆ بەلاوەکی بکات لەبەر مەبەست و ویستی دیاریکراو) (Langacker, 2013, p58). خۆ ئەگەر هۆکار و مەبەستی قسەکەر لەسەر هەمان دیمەن یان شت گۆڕا، ئەوا بێگومان ئەو بەش و لایەنەی کۆبیری خراوەتە سەر دەگوڕێت، لایەن و بەشی دیکە چالاک دەکرێن، کە پێشووتر بەلاوەکی کرابوون.

توێژەری بواری قوتابخانەی هۆشەکی **مۆتۆنین تاپانی،** لەتێزی دکتۆراکەی دا بەناوی (Constrauls in Expression/ کۆنستروەڵەکان/ڕوانگەکانی بیر ڕۆنانەکان لە دەربڕینەکان دا) دەڵێت: (میکانیزمی فۆکسەکردن بۆ سنووردارببوونی توانا و هەست و دەرکپێکردن و وەرگرتنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە ناتوانێت بەشێوەی یەک ئاست هەمان ڕاددەی سەرەنجی بخاتە سەر هەموو بەش و پێکهێنەرەکانی دیمەنێک یان شتێک، بۆیە پەنا بۆ هەڵبژاردن و زاڵکردنی لایەنێک /بەشێک بەسەر لایەنەکانی/بەشەکانی دیکەی دا دەکات، میکانیزمی فۆکەسکردن بە جۆرەی ویستراوە دەکەوێتە کار (Möttönen, 2016, p61)).

لای ستۆکوێڵ (Texture: A Cognitive Aesthetics of Reading/ دەق: ئیستاتیکای هۆشەکیانە لە خوێندنەوە دا) (Stcokwell, 2009) و لانەیکەر ( Cognitive Grammar and Criticism: An Introduction/ ڕێزمان و ڕەخنەی هۆشەکی: پێشەکیەک) (Langacker, 2013)، میکانیزمی فۆکەسکردن پشت بەسێ بنەما دەبەستێت لە ڕۆنانی هەر ڕوانگەیەکی بیریی، کە ئەمانەن: دەرخراو و بنکە (فیگەر و گڕاوند)، داڕشتن، دەرخستن. بۆ ئەم توێژینەوەیە تەنیا بنەمای دەرخراو و بنکە بەهەموو تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی دروستبوونییەوە باسکراوە و نموونەی لێوەرگیراوە.

## ٢.٤.٢.١ دەرخراو و بنکە (فیگەر و گڕاوند)

یەکێک لە سەرەکیترین ئەو سێ بنەمایەی میکانیزمی فۆکەسکردن لە ڕۆنانی ڕوانگەی بیرییدا، بریتییە لە: دەرخراو و بنکە "فیگەر و گڕاوند". بۆ یەکەمین جار و بەر لەوەی قوتابخانەی هۆشەکی بەناوی هۆشەکی ڕێکبخرێت، **لیۆنارد تاڵمی،** کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی هۆشەکی، بە پشتبەستن بە کۆڵەگەکانی تیۆری دەروونزانی زانا **ویرسماری ئەڵمانی** بنەمای تەن و بنکەی بۆ قوتابخانەی هۆشەکی زیاد کرد و لە کتێبی ( *Meaning Structures in English and Atsugewi/ پێکهاتە ماناییەکان لە زمانی ئینگلیزی و ئاتسوگیوی دا* ) لەساڵی (١٩٧٢) ( Talmy, 1972, p11-19)باسی لە دەرخراو بنکە کرد.

لەلای تاڵمییەوە، (دەرخراو و بنکە بریتییە لەو بنەمایەی کە مرۆڤ بۆ ڕۆنانی دیمەنێک و تێگەیشتن لەو دیمەن و دۆخە پەنای بۆ دەبات. لەو بنەمایەشدا، قسەکەر-نووسەر کاتێک زیاتر گرنگی بە بەشێک، لایەنێک، یان پێکهێنەرێکی ئەو دیمەنە دەدات و زەقی دەکاتەوە، ئەوا ئەو بەشە/لایەنە/پێکهێنەرە دەکاتە دەرخراو (فیگەر). لەهەمان کاتیشدا پێویستی بەوەیە کە بەش و لایەن و پێکهێنەرەکانی دیکە بە ئاسایی بەبێ بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ دەربڕێت، ئەوا دەیانکاتە بنکە (گڕاوند) (Tamly, 1972, p11). دەبینین ئەو شتەی جێی بایەخە لە بیریی قسەکەردا بە دەرخراو دەردەبڕدرێت، ئەوانی دیکەش ڕۆڵی تەواوکەرێک دەبینین بۆ ئەو دەرخراوە، دەبنە بنکەی. ئەم بنەمایەش بۆ ئەوەیە کاتێک مرۆڤ دەیەوێت لە شتێک، دیمەنێک، بارێک تێبگات لە بیرییەوە مانای بە بەردا بکات، ئینجا بە هەمان شێوەش لە زماندا دەریببڕێت، هەوڵدەدات بەجۆرێک لە جۆرەکان لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو دیمەنە ڕیزبکات و ڕێکبخات. هەربۆیە دەبینین **تاڵمی،** دەڵێت: (فیگەر و گڕاوند ستراتیژیەتێکی بیرە بۆ ڕێکخستنی تەنەکان لەگەڵ یەکتری و دەوروبەریان، واتە جۆرێک لە پەیوەندی نێوان ئەوتەنانە دروست دەبێت. ئەم جۆرە ڕێکخستن و گونجاندنانەش تایبەتمەندییەکی بیریی مرۆڤە لە ڕۆنانی مانا بۆ ڕووداو دیمەن و شتەکان) (هەمان سەرچاوەی پێشوو) دواتر ئەمجۆرە ڕێکخستنە ڕاستەوخۆ وەرگر پەلکێشی ویست و ئامانجی دەربڕینەکە دەکات، دەرخراو و بنکەی ڕۆنەر، لە بیری وەرگردا بە هەمان ڕۆڵ ڕۆدەنرێنەوە

بنەمای دەرخراو بنکە "فیگەر و گڕاوند" بنەمایەکی گرنگی ڕۆنانی بیرییە و ژانرای ڕۆمانیش وەک هەر ژانرێکی دیکە و وەکوو کەرەستەیەکی دەربڕینی ڕوانگەی بیریی، بەشی

زۆری ڕوانگەی بیربیان پێ ڕۆندراوە. زۆربەی ڕستەی ناو دەقەکانی **جەبار جەمال غەریب** بەم بنەمایە دەربڕوە، بۆ نموونە، بگێڕەوەی ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس) لە ڕۆنانی بیربییەکەیدا، کە ڕۆماننووس وەک توخمێکی گێڕانەوە، لەسەر زمانی ئەو بگێڕەوەیە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

***((ئێستا لە هەولێرن، ئێستا لە نزیک تانکییە ئاوەکەی سەیداوان))*** (غەریب، ٢٠١٨، ل٣٣)

بگێڕەوە ڕووداوی هاتنی بەڵقیس بۆ هەولێر و دۆزینەوەی ماڵی سەروەر، کە گوایە نیان لەگەڵ ئەودا ڕایکردووە تێکەڵ بە گێڕانەوەی لەدایکبوونی مەحمودی برای نیان دەکات، چۆن ئەو ڕۆژەی لە دایکبووە بەڵقیس لە مەرگ نزیکبوەتەوە و ئێستاش بەدوایدا هاتووەتە هەولێر بۆ ئەوەی هەر لەو شوێنەی نیان دەدۆزێتەوە، بیکوژێ. بگێڕەوە بۆئەوەی شوێنی ئێستای بەڵقیس و مەحموود دیاربیکات لە ڕوانگە ڕۆنانە بیربییەکەیدا هەردووکیانی کردووە بە دەرخراو و فیگەری دیمەن ڕۆنانەکە و مەبەست و باس و خواسی دەربڕینەکەش هەر بۆ دەرخستنیانە و کۆبیری سەرەکیشیان دەکەوێتە سەر. تانکی ئاوەکە بووەتە بنکە (گراوند) کەمتر سەرنجی کەوتووەتە سەر، بەڵام بووەتە هۆیەک بۆئەوەی دەرخراوەکە زیاتر زەق بێتەوە و هەروەها بۆ ئەوەی شوێنی ئەوان زیاتر دەربخات و دیاربیکات. سەرەڕای ئەوەی لەبیری بگێڕەوەدا دەرخراو ئامانج و مەبەستی ڕوانگە ڕۆنانەکەیە، بەڵام زۆربەیجار ئەو تەن، یان لایەنەی بچووکتر و جوڵاوە ڕۆڵی دەرخراو وەردەگرن بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی جێگیر و گەورەترە دەبن بە بنکە و دەرخەری ئامانجەکە، کە دەرخراوە. لێرەدا هەردوو کارەکتەرەکە جوڵاون و بچووکن، بەراورد بە تانکی ئاوەکە، کە گەورەتر و جێگیرترە. هەندێجاریش دەرخراوەکە بەبەراورد بە بنکەی ڕوانگە رۆنانەکە گەورەترە، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەست و ئامانجی ڕۆنەری ڕوانگە بیربییەکەیە، بۆیە تەنە بچووکترەکە دەبێتە بنکە بۆی. هەروەک ئەو کاتەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی لەسەر باران دەنووسم، کە گێڕانەوەکەی تێکەڵ بە منی بگێڕەوە بووە، چیرۆکی ئەو کاتانەمان بۆ باسدەکات دایکی و خوشکەکانی چۆن لەو ماڵەدا هات و چوونە و بۆئەمەش وێنەی دایکی وەها وێنا دەکاتەوە، کە هەست بکەی کاتەکەی ئێستا بێت و دایکی بەرانبەری دانیشتبێت، دەڵێت:

***((...ئەو ڕۆژە دایکم لە دوور گوڵە نازنازەکان دانیشتبوو...))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٢٠)

ئەوەی مەبەست و ئامانجی ڕۆنەرە دایکەکەیە، بووەتە دەرخراوی ڕوانگە بیربییەکە و کۆبیری سەرەکی لەسەرە، بەڵام ئەوەی دیمەن ڕۆنانەکەی باشتر نیشانداوە و تەنانەت شوێنی دەرخراوەکە، کە دایکەکەیە دیارکردووە گوڵە نازنازەکانن بووەتە بنکە. بیر ڕۆنەر کاتێک ڕوانگەیەکی لەمشێوەیەی لە بیری خۆیدا ڕۆدەنێت وەک ئەوەیە لە وێنەیەک بڕوانێ و ئاماژەکانی وێنەیەک بکات بە زمان، وەرگریش بە ڕۆنانەوەی ئەم ڕوانگەیە ئەو زمانە شیدەکاتەوە و دەیکاتەوە ئەو وێنە، یان نزیکی ئەو وێنە بیربییەی کە ڕۆنەر مەبەستی بوو. ڕەنگە لەکاتی وەرگرتنی ئەم دەربڕینەدا هەستمان بەو وردەکاریە نەکردبێت، بەڵام بە دووبارە خوێندنەوە و بەلەبەرچاوگرتنی بنەمای دەرخراو و بنکەی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن باشتر لە دیمەن ڕۆنانەکە تێدەگەین و وادەکات لەبیری خۆماندا لەسەر دیمەنەکە بوەستین ئینجا تێبیگەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەخوێندنەوە، یان بیستنی خێرای دیمەن ڕۆنانەکە پرۆسە بیربییەکە ئەنجام نەدرێت، بەڵکو ڕەخنەی هۆشەکی کار لەسەر هەموو ئەو دیمەنانە دەکات، کە بە بیردا تێدەپەڕن و بەر لەوەی دەربڕدرێن و لە هەمانکاتدا وەرگر چۆن لەڕێی کەرەستەی زمانەوە هەمان بیری بەرانبەر ڕۆدەنێتەوە و تێیدەگات. واتە هەموو ئەو پرۆسە بیربیانە هەن و ڕوودەدەن بەڵام مێشکی مرۆڤ لەوە خێراترە هەستی پێبکەین، هەروەک چۆن چاو لە کاتی ئاساییدا ڕۆژانە هەزاران وێنە دەگرێت و پێیدا تێدەپەڕێت، هەمان پرۆسەش لەبیردا ڕوودەدات و بێئەوەی هەستی پێبکەین، یان بمانەێ لەکاریبخەین، یان بەرنامە داڕێژەری بۆ بکەین.

## تایبەتمەندی دەرخراو و بنکە

لەبەر هۆکار و مەبەستی جۆراوجۆر، کەسی دەربڕ بە ڕوانگەیەک ئەو دیمەنە ڕۆدەنێت، کە دەرخراو و بنکە ڕێکخستن و ڕیزبوونێکی دیاریکراو وەربگرن، یەکێک لەو هۆکارانەی، کە زۆر باسی لێوەکراوە، بریتییە لە تایبەتمەندی قەبارەی فیزیکی ئەو تەنانەی دەکرێنە دەرخراو و بنکە. تاڵمی پێی وایە: ئەگەر وردتر لە دوو ڕستە بڕواندرێت، کە دەرخراو و بنکە شوێنیان ئاڵوگۆڕ پێکرابێت، (ئەوا بەلای قسەکەرانەوە ڕوانگەیەک لەوەی دیکەیان پەسندترە، ئەو تەنەی جوڵاوە، شێوەیەکی ڕێکی هەیە، سنووردارە و بچووکترە دەکرێتە دەرخراو/فیگەر، لەبەرئەوەی پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ وایە بەئاسانی کۆی بیر و فۆکەسی دەکەوێتە ئەو تەنە، لەبەرانبەردا ئەو تەنەی جێگیر، شێوەیەکی ناڕێک سنوور فراوان و گەورەتری هەیە، دەبێتە بنکەی دەرخراوەکە)) (Tamly, 1972, p13). لەپاڵ ئەمانەشدا، دەکرێت ئەو شتەی دەکرێتە دەرخراو تایبەتمەندی دیکەشی هەبێت لەوانە لە ئەزموون و زانیاری کەسانی قسەکەردا ئەو شتە باوترە، ڕەنگی سەرەنج ڕاکێشترە، یان ئاشنایی زیاترە، بەپێچەوانەوە، ئەو شتەی دەکرێتە بنکە کەمتر باوە، یان ناباوە ڕەنگی کەمتر سەرەنج ڕاکێشە، یان قسەکەران کەمتر پێی ئاشنان.

مەرج نییە ئەو دوو تەنەی، کە دەبن بە دەرخراو و بنکە لە قەبارەدا جیاوازییان زۆربێت تاڵمی زۆربەجوانی باسی ئەم لایەنەی کردووە و نموونەشی بۆ هێناوەتەوە، بە پشتبەستن بە ڕوانینەکانی نموونەی ئەمجۆرە ڕوانگە ڕوانینەمان لە ڕۆمانەکاندا بەدیکرد، بۆ نموونە بگێڕەوە، کە باس لەو کاتانە دەکات بەڵقیس لە ماڵی سەروەرە و بەڵقیس شێتانە کون و قوژبنەکانی بۆ دەگەڕێت، بەمشێوەیە ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

***((بەڵقیس لەسەر پلیکانەکانەوە سەری بەرزکردەوە، لەسەر لێواری ستارەکە کۆترێکی سپی پەڕلەپێی دیت بەتەنیشت کۆترە ڕەشەکەی سالار بانگی دەکرد سەروەر، گمە گمیان بۆ یەکتر دەکرد))*** (غەریب، ٢٠١٨، ل١٧٧)

لێرەدا دەبینین کۆترە سپییە پەڕ لە پێیەکە بووەتە دەرخراو و کۆترە ڕەشەکەی سالار بووەتە بنکە، ئەگەرچی هەردووکیان یەک ئاژەڵن و یەک قەبارەیان هەیە، بەڵام بگێڕەوە لە ڕوانگەی بەڵقیسەوە دیمەنەکەی ڕۆناوە، ئەم ڕۆنانەش بەپێێ بۆچوونی تاڵمی بۆ بایەخ و گرنگی ئەو تەنە دێت لە بیری دەربڕدا، لێرەدا لە بیری بەڵقیسەوە، کە کچەکەی وون بووە و بەدوایدا دەگەڕێ و هەر شتێک لە وێنەی کچەکەی بکات چاوی بۆ دەگێڕێت، بۆیە سەرەنجی بۆ لای ئەو کۆترە دەچێ، کە سپی و چاو سەوزە وەک نیانی کچی و کۆترە ڕەشەکەش بە سەروەر چوێنراوە، کە دەزانێ لەگەڵ ئەو ڕایکردووە.

هەروەها دەکرێت هەردوو تەنەکە نەجوڵاوبن و بەڵام لە قەبارەدا جیاوازبن، بە پاڵپشت بە مەبەستی قسەکەر زۆربەیجار ئەوەی لە قەبارەدا بچووکترە دەبێت بە دەرخراو وەکو ئەو کاتەی بگێڕەوە لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکی نەتەوەی زێرابەکان یەکێک لەو نەهامەتییانە باسدەکات پێیدا تێپەڕیووە، دەڵێت:

***((دوای ئەوەی خەڵکەکە بڵاوەیان کردبوو، مجێورێک، کە دەیانگووت هەمیشە سەرخۆشە بردبوومیە ژووره ڕووتەکەی خۆی، لە تەنیشت مزگەوتەکە..))*** (غەریب، نەتەوەی زێرابەکان، ل١٣)

ژووره ڕووتەکە دەرخراوی مزگەوتە، کە بنکەیە، لەبەرئەوەی ژوورەکە لە قەبارە لە مزگەوت بچووکترە و تەنە بچووکەکانیش لە مێشکی وەرگردا زووتر و زۆرتر کۆبیریان دەخرێتە سەر، لەپاڵ ئەمانەشدا ژوورەکە مەبەست و ئامانجی نووسەرە و هەروەها ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەو ژوورەیە نەک مزگەوتەکە، کە شوێنی مانەوەی مجێورە و زۆرجاریش ماڵی ئەوان لەتەک

مزگەوتەوەیە. بەپێی ئەو خشتەیەی، کە تالْمی بۆ تایبەتمەندییەکانی دەرخراو و بنکە دیاریکردووە ئەو تایبەتمەندیانەمان تێدا بەدیکرد:

| ژ | ژوور/دەرخراو | مزگەوت/بنکە |
|---|---|---|
| ١. | شوێنێکی کەم زانراو (نا ئاشنا) | شوێنێکی زۆر زانراو (ئاشنا) |
| ٢. | بچووکترە (داخراو) | گەورەترە (کراوە) |
| ٣. | لە ڕووی پێکهاتەوە سادەترە | لە ڕووی پێکهاتەوە ئاڵۆزترە |
| ٤. | نوێترە لە هۆشیاری و یادگە | کۆنترە لە هۆشیاری یادگە |

## ئاستی پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکە

دەرخراو و بنکە لە بیریدا بۆ ڕۆنانی مانای هەر دیمەنێک بە هەرەمەکی ڕێک ناخرێن و ڕیزناکرێن، بەڵکو چەند ئاستێکی پەیوەندی دیاریکراو لە نێوانیان دا هەیە. تالْمی لەم بارەیەوە، دەڵێت: (کە پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکە بە جۆرێکە، کە دەکرێت ڕۆڵگۆڕینی تەواویان هەبێت بەپێی خواست و ویستی قسەکەرەکە و سیاقەکە (Talmy, 2000a, p314) ، وەکو:

((...*وێنە گەورەکەی سەر ئاوێنەکە*)) (غەریب، ٢٠٢١، ل٣٠)

وێنە گەورەکە لێرەدا دەرخراوە و ئاوێنەکە بنکەیە، بەڵام ئەگەر ڕۆڵگۆرکێی تەواو لە نێوان دەرخراو و بنکەکەدا بکرێت ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت: ( ئاوێنەی ژێر وێنە گەورەکە)، کە هیچ لە واتاکەی نەگۆڕی تەنیا ڕوانگە گۆڕاوە و لە دەربڕیندا ڕەنگی داوەتەوە ، هەرچەند لە ئاستی قوڵی واتادا مەبەست و ئامانج و جەختکردنەوە لەسەریان گۆڕداوە، کە لە بەشەکانی دیکەدا باسکراوە.

((*سەری بەرزکردەوە و ڕوانییە وێنەیەکی گەورەی ژێر گڵۆپەکە*)) (غەریب، ٢٠٢١، ل١٨)

کارەکتەری ئەو ڕۆمانە بەدوای وێنەی باوکیدا دەگەڕێ، کە تاکە یادگاری بەجێماوییەتی و لە تەواوی ڕۆمانەکەدا بەدوای سۆراغی ئەو، یان تەنانەت وێنەکییەتی. کاتێک لە قەڵای شارەکەوە، ماڵ بە ماڵ و کوچە بە کوچە دەگەڕێ و لە یەکێک لە دیمەنەکاندا لە پەنجەرەی ماڵیکەوە ئافرەتێک دەبینێت، کە لەسەر جێگاکەیەتی و لە بن سەرینەکەی نامەیەک دەردەهێنێت و بەچاو دەیخوێنێتەوە، پاش خوێنەوەی نامەکە دەڕوانێتە وێنەیەکی گەورە، کە لەژێر گڵۆپەکەدایە. ئەگەر دوا ڕستەی ئەم پەرەگرافە لە ڕوانگەی تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان-کۆنسترووەل- و بنەمای کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن، شیبکەینەوە، ئەوا وێنەکە دەبێتە دەرخراو و گڵۆپەکەش بنکەیە، لە نێوان دەرخراو و بنکەش دەکرێ هەروەک تالْمی پێی وایە، ڕۆڵگۆرکێ لە ڕیزکردنەکەیاندا بکرێت، ئەم ڕۆڵگۆرکێیەش بەپێی سیاق و خواست و ویستی بیری ڕۆنەرەکەیە و چۆن لە بیریدا ڕیزبەندی بۆ کردووە، یان دەیەوێت چۆن ڕیزیان بکات. ئەگەر قسەکەر بیویستایە دیمەنەکە بەجۆرێکی دیکە لە بیریدا ڕۆبنێت، ئەوا ئەوکات دەربڕینەکە بەو شێوەیە دەردەبڕدرا (دەیڕوانییە گڵۆپێک کە بەسەر وێنەیەکی گەورەیە)، ئەوا گڵۆپ دەبوو بە دەرخراو و وێنەیەکی گەورەش دەبوو بە بنکە. بەمەش تەواوی ڕوانین و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕا. ئامانج و گەڕانی کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانەش لەسەر وێنەیەکی باوکییەتی، کە نەیدیووە، بۆیە بە سەرەنجدانی ئەو ئافرەتە لە وێنەی دیوارەکە، کە وەک ئەو تەنیا یادگاری بەجێماویەتی سەرەنجی ڕادەکێشێت، کە هەمان هەست و بیرکردنەوەی ئەوی هەیە، کەواتە لەبیری هەردوو کارەکتەردا وێنەکە ئامانج و مەبەستە و بوونی گڵۆپەکە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، بەڵکو تەنیا وەک بنکەیەک بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی شوێن و گرنگی وێنەکە، هەروەها بۆ ئەوەی هەمیشە ڕۆشن بێ و بەرچاو بێت

مەرج نییە لە هەموو ڕستەیەکدا بتوانرێت ڕۆڵگۆڕکێ لە پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکەدا بکرێت، بەڵکو ئەو شێوە ڕستانەی ڕوانگە بیرییەکەیان تاک جەمسەرین و ناتواندرێت ڕۆڵگۆڕکێ لە نێوان دەرخراو و بنکەدا بکرێت بە ڕوانگەیەکی دوو جەمسەری بیرەکە ڕۆبندرێت وەکو:

***((.. هەر لەوێ هەست دەکەم نامەکەم لەسەر مێزی ژووری نان خواردن لەبیرچووە))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٩)

نامەکە دەرخراوە و مێزی ژوورەکە بنکەیە، بەڵام ناتواندرێت دەربڕینەکە بەو شێوەیە ڕۆبندرێت و بگوترێت: مێزەکە لەژێر نامەکەیە. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: هەستی بینین، کە لە ڕەخنەی هۆشەکییدا بایەخێکی تایبەتی پێدراوە، چونکە چاو وێنەکان دەگوازێتەوە بۆ مێشک ئەو شێوە و قەبارەیەی بۆ مێز و نامە هەیە زۆر لە یەکترییەوە دوورن، زۆربەی جار تەنە قەبارە بچووکەکان دەبنە دەخراو و تەنە گەورەکانیش دەبنە بنکە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر وێنەکە سادەتر بکەینەوە دەبینین زۆرجار تەنە گەورە و باوەکان دەبنە ڕێگەخۆشکەر بۆ ناسینەوەی بیریی، تەنە بچووکەکان لەبەر ئەوەی کەمتر دەبیندرێن و کەمتر کۆبیریان دەکەوێتە سەر، بۆیە دەبنە دەرخراو. ئەمەش وادەکات سیستەمی بیریی قسەکەر ئەمە بە گونجاو نەزانێت تەنێکی قەبارە بچووک، وەکو نامە ببێتە بنکەی تەنێکی قەبارە گەورەی، وەکو مێز کەواتە ئەوەی ڕێگەپێدانە بیرییەکەی دروستکردووە سیستەمی بینینی قسەکەرە. هەروەها لە ڕووی تایبەتمەندییەوە تەنی مێز لە مێشکی مرۆڤدا تەنێکی جێگیر و وەستاوی هەیە، کە زۆرجار دەبنە بنکە و لە بەرانبەردا، نامە وێنەیەکی جوڵاوی هەیە لەمێشکدا، کە دەبێتە دەرخراو.

## ڕەهەندەکانی پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکە

ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دەرخراو و بنکەدان لە چەند ڕەهەندێکدا دەردەکەون، **ستۆکوێڵ** و **تالمی** هەردووکیان، ئاماژەیان بەوە داوە پەیوەندیی نێوان دەرخراو و بنکە (فیگەر و گراوند) زۆر بە دیاریکراوی لە ڕەهەندەکانی (شوێن، جوڵە، کات)دا، دەردەکەون (Talmy, 2000a) و پیتەر ستۆکوێڵ لە کتێبە باوەکەی بەناوی (*Cognitive Poetics/ ڕەخنەی هۆشەکی شیعری*) (Stockwell, 2002).

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)، بۆ ڕۆنانی یەکێک لە دیمەنەکانی کارەکتەرەکان بەمشێوەیە ڕوانگەکەی ڕۆناوە و دەڵێت:

***((....بۆ قوماشکڕین چووەتە شۆریجە))*** ..(غەریب، ٢٠١٣، ل٣٦)

پاڵەوانی نەتەوەی زێرابەکان، کە بەشێکی زۆری ژیانی لەڕێگا و لەنێو لۆری و بارهەڵگرەکاندا بەسەر بردووە، هەروەک خۆی ئاماژەی پێکردووە بەشێکی زۆری ئەوانەی لەگەڵیان سەردەکەوتن باسی بەغدادیان دەکرد، ئەویش بەغدادی لەزاری ئەوانەوە ناسیووە، دەگێڕێتەوە کەوا چۆن یەکێکیان لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵییەوە بەغدادی ناسیوە و بۆ کڕینی قوماشی ژنان چووەتە شۆریجە. ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری ڕوانگەی بیر ڕۆنان و میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردنەوە لەو ڕوانگەیە بڕوانین، ئەوا ئەوەی پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکەی دروستکردووە کاری (چوون)ە، کە پەیوەندییەکی جوڵەیی نیشان دەدات لە بیردا، یان بە واتایەکی دیکە بە خوێندنەوە و بیستنی ئەم ڕوانگەیە جوڵەیەکی بیریی لە مێشکدا دروست دەبێت لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە، واتە بیرێکی جوڵەدارە و ڕۆنەر لەکاتی ڕۆنانە بیرییەکەیدا ئەو نێوانەی بڕیوە وەک خاڵێکی هێلی نیشانیکردووە و جوڵەکەش لەو نێوانەدایە.

ئەو بگێڕەوەی ڕۆمانی (بنوسە خوێن)مان، بۆ دەگێڕێتەوە، کە باس لە پاڵەوانی بە موعحیزە ڕزگاربووی دەستی باوکی دەکات بەوەی چۆن دوای ئەوەی لە ماڵی مەسیحییەکدا، کە

بووبوونە فریادڕەسی و برینەکانیان سارێژ کردبوو، هەڵسوکەوتی دەکرد و وردەکاریەکانی دوای ئەو ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

***((عەبدولباری لەوماڵەدا چاوی کرابۆوە ، دەیتوانی لەسەر چەرپاکەی هەستێ و لەسەر کورسی بەرانبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشێ و ڕۆژانی هەتاویش بچێتە ناو باخەکە و لەسەر سەکۆی پشت مورتکەکان دانیشێ))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٥٨)

دیارخەری ڕستەی دەقەکە (عەبدولباری)یە، هەروەها چەرپا، کورسی و سەکۆ، بنکەی ڕستەن. ڕەهەندی شوێنی، پەیوەندی لە نێوان دیارخەر و بنکەکاندا دروستکردووە، هەروەها ڕەهەندی جوڵەیی پەیوەندی نێوان عەبدولباری (دەرخراو) باخ (بنکە)ی پێکهێناوە. گێڕەرەوە لە بیریدا شوێنی دەرخراو و بنکەکەی دیاریکردووە، وەرگریش بە خوێندنەوە، یان بیستنی ئەو ڕستانە هەمان گۆشە و ڕوانینی بۆ دروست دەبێت و شوێنەکان لە بیریدا وێنا دەکاتەوە، لەڕستەی (ڕۆژانی هەتاویش بچێتە ناو باخەکە) هەست بە جوڵە وچالاکی پاڵەوان دەکەین. ئەمەش ئامانجی ڕۆمانوسە، کە دەیەوێت هەمان گۆشە و ڕوانین لە ڕێی وشەکانەوە، کە بەرهەمی بیرن بۆ وەرگر بگوازێتەوە. وەرگریش ئەو وشانە بکاتەوە ئەو بیرەی کە نووسەر مەبەستی بووە و لە هەمان گۆشەوە بیرەکان ڕۆبنێتەوە. ئەمەش هۆیەکە وادەکات وەرگر هاوسۆز بێ لەگەڵ ئەو کارەکتەر و ڕووداوانەی، کە لای ڕۆماننوس پەسەندن، یان ڕەتکراو و دژن.

***((بەدوای یەکدا دەچوونە لای ڕیزە ماڵە تازەکەی دیوی بەحرەکە))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٧١)

دەرخراوی ئەم ڕستەیە (ئەوان)ە، ڕیزە ماڵە تازەکەی دیوی بەحرەکە، بنکەیە. کاری (چوون) ڕەهەندی جوڵەییە و پەیوەندی نێوانیانی دروست کردووە، ئەو ڕیزکردن و بەدوای یەکتردا چوونە لای ماڵە تازەکەش لە بیری وەرگردا دروست دەکرێنەوە و هەست بە هەمان جوڵە و ڕۆیشتنیان بەدوای یەکتریدا دەکات، کە ڕۆنەر لە ڕوانگە بیرییەکەیدا وێنایکردبوو.

***((دالانە تەنگەکەی نێوان دوو ژوورەکە))*** (غەریب، ٢٠١٨، ل٢٥٠)

***((چوونە چێشتخانەی قوتابیان لە نێوان کۆلێژی ئاداب و بەشی ناوخۆیی هەموو کچە خوێندکارەکانی بەغدا..))*** (غەریب، ٢٠١٨، ٢٠٦)

***((هەردوودەستی بە ڕووومەتی نیان گرت، بەشێوەیەک سەری نیان بکەوێتە نێوان هەردوو دەستییەوە..))*** (غەریب، ٢٠١٨، ل٢٢ )

ئەو ڕوانگە بیرییانە لە سێ شوێنی جیاوازی ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ن، ئەم ڕوانگە بیرییانە بەپێی ڕوانینی ڕەخنەی هۆشەکی و بنەمای کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن بەمشێوەیە لە بیردا ڕۆندراون:

دالان، چێشتخانە و سەری نیان دەرخراون، دوو ژوور، کۆلیژی ئاداب و بەشە ناوخۆیی و هەردوو دەستی سەروەر، بنکەکانیانن، کە ڕەهەندی شوێنی ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە، بەڵام مەرج نییە بنکەکان لەڕووی جوگرافی و جۆر و قەبارەوە دیاریکراوبن. دەکرێ بنکەکان هاوشێوە و نزیکی دەرخراو بن، وەک هەردوو دەستی سەروەر و دوو ژوورەکە، کە بوونەتە بنکەی سەری نیان و دالانەکە. هەروەها دەکرێ لە ڕووی جوگرافی و جۆر و پێکهاتەوە بنکەکان دووربن لە دەرخراوەکەوە، وەک ئەوەی چێشتخانەی قوتابییان، کە دەرخراوە و بنکەکەی کۆلیژی ئاداب و بەشە ناوخۆیی کچانە و مەودای شوێنییەکەی فراوانە ئەویش لەو مەودا بینینەوە هاتووە، کە لە مێشکی قسەکەردا پێشتر پێوراوە. ئەمانەش توانای بیریی مرۆڤمان نیشان دەدات لە ڕۆنان و مانا بەبەرداکردنی هەر دیمەنێکدا مەرج نییە ئەو مەودا بیرییە تەنانەت لە سنووری بینینیشدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەکرێ ئەو مەودا بیرییە فراوانتر بکرێ و سنورەکانیش تێبپەڕێنێ، وەکو ئەوەی قسەکەر بڵێ ئەڵمانیا دەکەوێتە نێوان فەرەنسا و نەمسا، یان ڕستەیەکی وەکوو هەسارەی زەوی دەکەوێتە نێوان هەسارەی زوهرە و مەریخ. لێرەدا ئەو مەودا بیرییەی لە ڕونانی ئەو ڕستەیەدا بەکاردێت زاڵدەبێت

بەسەر هەر یەکەی پێوانەیەکی دیکە. سەرەتا قسەکەر بەر لە درکاندنی ئەو دەربڕینانە ڕووپێوی بیریی لە نێوان هەردوو بنکەکەدا دەکات بۆ ئەوەی دەرخراوەکە باشتر بۆ خۆی و گوێگر دەربخات، کە گوێگریش گوێی لەو دەربڕینە دەبێت بە خێراییەکی مێشکی بێ هاوتا و سەروو سروشت ئەو گەشتە بیرییە ئەنجام دەدات وماناو وێنە بیرییەکە ڕۆدەنێتەوە. هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەست و ویستی قسەکەر لە دەربڕیندا، بۆ چ مەبەستێک ئەو بیرە دەردەبڕێت، ئایا دەیەوێ وێنەکە وردتر و نزیکتر نیشانبدات و کۆبیری بخاتە سەر و ئەو مانایە ڕۆبنێت، کە لە بیریی دایە وەک ئەو وێنە بیرییەی بۆ دەستەکانی سەروەر کرابوو ببونە بنکەی ڕوومەتی نیان و وێنەکە زۆر بچووکراوەتەوە، نێنەر لە ڕووی بیرییەوە زۆر نزیک لە دیمەنەکە دەردەکەوێت. بە مانایەکی دیکە، لە ڕۆنانی مانا بیرییەکەدا هەتا مەودای ڕوماڵە بیرییەکە پانتاییە شوێنی و جوگرافییەکەی بەرتەسکتر بێت، جەخت و کۆبیری نێنەر و گوێگری زیاتر و لەسەر هەریەک لە دەرخراو و بنکە چڕتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە. تەنانەت لە کاتی درکاندنی ئەو بیرانەی ڕەهەندی شوێنی دەبێتە بنکە بۆ دەرخراوەکان، ئەوا بنکەکان لەشێوەی دوو خاڵدا دەردەکەون، کە دابڕاون لە دەوروبەرەکانیان، مێشکی قسەکەر بنکەکان وەکو خاڵی وەستاو لەسەر هەر بنکەیەکیان ڕادەوەستێت بە پێچەوانەی ئەم دەربڕینانەی خوارەوە:

***((...دوای هێنانەوەی بەو ڕێگا وشک و دووورودرێژەدا، لە بەغداوە بۆ سلێمانی ...))*** (غەریب، ٢٠١٨، ل٣٠)

ڕۆماننوس کاتێک دەیەوێت باسی هۆکاری ناونانی مەحمودی کوڕی، یان برای نیان بۆ خوێنەر ڕوونبکاتەوە کە چۆن باوکی نیان بە کەسایەتی شێخ مەحموود کاریگەر بووە و ئەو ڕۆژەی، تەرمی شێخ مەحموودیان لە بەغداوە بۆ سلێمانی گواستەوە چۆن شار خرۆشاوە. لێرەدا تەرمی شێخ مەحمود دەرخراوە بە بنکەکانی بەغدا و سلێمانی، کە ڕەهەندی جوڵەیی ئەو وێنە بیرییەی دروستکردووە. ڕۆنەر لە بیریی خۆیدا لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە جوڵەی بیریی دەکات و بەهەمانشێوە گوێگریش لەکاتی بیستنی ئەو دەربڕینەدا هەمان بیر ڕۆدەنێتەوە، بە پێچەوانەی وێنە بیرییەکەی سەرەوە، لێرەدا دوو بنکەکە ڕێڕەوێکی هێڵی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و لێکدانەبڕاون. لە ڕۆمانی (پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر)دا، بگێڕەوەی هەمانشتزان بەمشێوەیە باس لە مامۆستاکەی دەکات و دەڵێت:

***((مامۆستا بۆ خۆی وەک کتێبێک وابوو هەر لاپەڕەیەکی هەڵدەیەوە بۆ خۆی خۆی بخوێنێتەوە و نهێنی وشەکانی ئاشکرا کات. تاکە گرێیەک کە ڕاستەوخۆ باسی نەدەکرد هەڵاتنی لە ئەمریکا و چوونی بۆ فەڕەنسا بوو))*** (غەریب، ٢٠١١، ل٤٩)

مامۆستا تاکە هاوڕێی کارەکتەری سەرەکی بەشی یەکەم (دەستێک لە بەهەشت)ە، لەڕێی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ مامۆستاکەی ئەنجامی دەدات هەندێک نهێنی مامۆستاکەی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، یەک لەوانە چۆن مامۆستاکەی عاشقی خوشکەکەی خۆی بووە وەک خۆی دانیپێداناوە. هەرچەند لە گفتوگۆکەدا دەردەکەوێ، کە خوشکی ڕاستەقینەی خۆی نییە، بەڵکو کاتی خۆی خێزانی ئەو کچە هەڵیانگرتووەتەوە و بەخێویان کردووە، بەڵام ئەو بە بێنمەکی تێدەگات کە کارێکی وایان بەرانبەر بکات، بۆ ئەوەی تووشی کاری نەشیاو نەبێت، لە ئەمەریکاوە هەڵدێت بۆ فەڕەنسا. لێرەدا مامۆستاکە دەرخراوە و ئەمەریکا و فەڕەنسا دوو بنکەی دەرخراوەکەن ڕەهەندی جوڵەیی ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە. لەمجۆرە دەرخراوەدا هەست دەکەین لەگەڵ بنکەکەدا دانەبڕاوە و بەشێکە لێی، بە واتایەکی دیکە ئەو وێنە بیرییەی لە مێشکدا دروست دەبێت بە شێوەیەکە دەرخراو لە خاڵێکەوە، کە بنکەی یەکەمە جوڵە دەکات بۆ خاڵێکی دیکە، کە بنکەی دووەمە بەشێوەیەکی نەپچڕاو و لەسەر یەک هێڵن.

مەرج نییە هەمووجار ناوی بنکەیەک لە بنکەکان ڕاستەوخۆ بهێندرێت، بەڵکو دەبێ خوێنەر بۆ ئەو زانیاریانە بگەڕێتەوە، کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا وەریگرتووە جا ڕۆماننوس ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکەی هێنابێت، یان ئەوەتە بەناوی گەڕەک و شێوەزار و شوێنی بەناوبانگەوە شار، یان گوندەکە لەلایەن خوێنەرەوە دەناسرێتەوە. ئەو ماڵە مەسیحییەی عبدالباری هەڵدەگرنەوە لە مردن ڕزکاری دەکەن، بۆ ئەوەی بە هاوسێکانیان بڵێن، کە کێیە و دەڵێن:

***((کوڕێکی خزمی خۆیانە و لە بادینانەوە هێناویانە))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٥٨)

کوڕەکە (عبدالباری)یە دەرخراوە و لە بادینانەوە بنکەیە، بنکەکەی دیکە بە وشەی هێناویانە دەزانین کە لەوێوە هێناویانەتە شوێنی قسەکەرەکان، کە هەرچەند لە ڕۆمانەکەدا ناوی شار نەهێنراوە، بەڵام لە شوێنێکدا، کە شەکیب کەی قوباد دەبینێ ئەشکەنجە دەدرێ و لە دڵی خۆیدا پێی خۆشە و دەڵێت: ***((بەخۆی و بە لاقیکەوە ئەو تەیراوەیەی هەراسان کردووە))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل٢٢٩) کەواتە بنکەی دووەم هەولێرە و ڕەهەندی جوڵەیی ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە. لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە:

***((فیبرۆنا چەندان جار لەگەڵ قەشە گۆرگیس شانی بۆ سۆراغی برا و برازاکانی چووبوونە بەغدا))*** (غەریب، ٢٠٢١، ل١٥٩)

ئەمە پێچەوانەی نموونەی سەرەوەیە فیبرۆنا دەرخراوە و بنکەی یەکەم شوێنی قسەکەرە، کە هەر هەولێرە و بەغداد بنکەی دووەمە، قسەکەر لەکاتی دەربڕیندا لە بنکەی یەکەمەوە جولەی بیری بۆ بنکەی دووەم دەکات.

ڕەهەندێکی دیکە، کە پەیوەندی نێوان دەرخراو و بنکەدا دروست دەکات ڕەهەندی (کات)ە، کرۆفت و کروز زۆر بە تێروتەسەلی باسی ئەو ڕەهەندە دەکەن و ((پێیان وایە ئەم ڕەهەندە دەربارەی بەیەکەوە بەستنەوەی کاتی دوو ڕووداو یان زیاترە بەیەکەوە)) ( Croft and Cruse, 2004, p330) ، واتە دوو ڕووداو، یان زیاتری جیاواز، لەیەککاتی هاوبەشدا ڕوویانداوە. نموونەی ئەم بیر ڕۆنانەش لە ڕۆمانەکانی جەبار جەماڵ غەریب دا ڕۆندراون. بگێڕەوە لە ڕۆمانی (بنوسە خوێن)دا، کە ڕووداوی کوشتنی منداڵەکانی شەکیب لەلایەن شەکیب خۆیەوە بۆ خوێنەر دەگێڕیتەوە، ئەوەشمان پێدەڵێت: لەوکاتەدا شیرین، کە هاوسێییانە و دواتر دەزانین، کە پەیوەندی لەگەڵ کورەکەی شەکیب دا هەبووە. ڕووداوەکان بەمشێوەیە گێردراونەتەوە:

***((شیرین لەێ نەبوو، ئەو کاتەی شەکیب سەری قەندەهاری بە کولەکەکەدا کێشا)) (غەریب،٢٠٢١، ل٣٤)***

لێرەدا مەبەستی گێڕەرەوە ئەوەیە دەربارەی شیرین زانیاریمان پێ بدات و وەسفی بکات، شیرین بووەتە دەرخراو، بەڵام چ کاتێک لەوێ نەبووە بگێڕەوە لە بیریدا ئەو کاتەی دیاریکردووە و بەستوویەتییەوە بە ڕووداوێکی دیکە، کە سەرکێشانی قەندەهارە بە کولەکەکەدا لە لایەن باوکییەوە. واتە ڕۆنەر لەودیو ئەو گێرانەوەیەدا وەک سەرە داوێک پێمان دەڵێت، کە شیرین ئەوکاتە لەوێ نەبووە، واتە دەکرێ کاتی پێش ئەوەی سەری بە کولەکەکەدا بکێشێ، یان ئەوەتە پاش سەرکێشانی بە کولەکەکەدا لەوێ بووبێ، یان ئەوەتە هەر لەوێ نەبووبێ و نەچووبێ، بەڵام ئەوەی مەبەستە ئەوەیە ڕووداوی سەر بە کولەکەدا کێشانەکە وەکو کاتژمێرێک یان کات دیارخەرێک بۆ کاتی لەوێ نەبوونی شیرین دیاربکات. کات و ڕووداوی سەرکێشانەکە بووەتە بنکەیەک بۆ کات و ڕووداوە مەبەست و ئامانجەکەی بگێڕەوە، یان دەرخراوەکە، بگێڕەوە لە ڕۆنانی ڕوانگە بیرییەکەیدا دوو ڕووداوی باسکردووە کە لەیەککاتدا ڕوویانداوە، بەڵام ڕووداوێکییان ئامانج و مەبەستی گێڕانەوەکەیەتی، بۆئەوەی باشتر، یان جوانتر بتوانێت ئەو ڕووداوە بگێڕێتەوە، ڕووداوێکی دیکە هەڵدەبژێرێت، کە لە هەمانکاتدا ڕوویداوە، بەڵام ئەو ڕووداوە لەکاتی ئێستای گێرانەوەکەیدا ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی کاتی ڕووداوی مەبەستی ئێستای گێرانەوەیەتی. هۆکارەکەش

بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕووداوەی بووەتە بنکە بازنەکەی فراوانترە بەهۆی ئەوەی باوترە، گشتیترە، یان ئاشناترە. لێرەدا ڕووداوی کوشتنی سێ منداڵەکە لەلایەن باوکیانەوە، کە لە سەرەتاکانی گێڕانەوەکەدا گێڕدراوەتەوە و ڕووداوەکە ئاشنایە بە وەرگر و ڕووداوێکی گرنگی ناو ڕۆمانەکەیە، بە بەراورد بە کارەکتەری شیرین. مەبەستی ئێستای گێڕانەوەی لەوێ نەبوونی شیرین گرنگە بۆ کاتی ئێستای گێڕانەوەکەی، بۆیە بۆ دیاریکردن پەنا بۆ ئەم ڕووداوەی دیکە بردراوە.

لە ڕۆمانی (ئەو باڵندە فریوانەی کە زبڵن) بگێڕەوەی ڕۆمانەکە کە لەسەر زمانی کارەکتەری سەرەکییەوە ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕووداوی هاتنی ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە، کە دوای نەخۆشکەوتنی دایکی هاتبوو بۆ ماڵیان، خۆی ئاشنا دەردەخست بەوەی شوێن و جۆری کەل و پەلەکانی ئەو ماڵەش وەسف دەکات، دەڵێت:

***((ئەو کاتەی ئەو تاعوونە پەنجەی بۆ ئەو بولبوولە ڕاکێشابوو، من سەیری بابم دەکرد..))***
(غەریب، ٢٠١١، ل٤٣)

هەموو ڕووداوێک، کە ڕوودەدات لە شوێن و کاتێک ڕوودەدات، جا ئەو کاتە ماوەکەی هەرچەند بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەو ڕووداوەیە لەو نێوانەدا ڕوویداوە. مانەوەی ئەو پیاوە نامۆیە لە ماڵی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە چەند کاتژمێرێکە و چەند جارێکیشە، بەڵام بگێڕەوە باس لە کاتێک دەکات، کە ئەمجاریان کچەکەی ئاگاداربووە و لە ڕووداوەکەوە نزیک بووە و بگێڕەوەش مەبەستی لە گێڕانەوەکەی ئەوەیە باس لە هەڵسوکەوت و کاردانەوەی منداڵەکەی بکات بەوەی لە ماڵەوەیان ڕوودەدات، بەهۆی سروشتی ڕۆمانەوە، کە گرنگی بە هەموو وردەکاریەک لە گێڕانەوەدا دەدات، تاوەکو خوێنەر بەتەواوی لە ژینگە ڕاستەقینەکەی دابېڕێت و بەرەو جیهانی دەقەکەی بچێت، بۆیە لە کوێ پێویستی کرد بچووکترین ڕووداویشمان بۆ دەگێڕێتەوە و دیمەنەکەمان لە ڕێی گێڕانەکەوە بۆ ڕۆدەنێت. ڕۆماننوس لە ڕێگای یەکێک لە توخمەکانی ڕۆمانەوە، کە گێڕانەوەیە بۆ ڕۆنانی ڕوانگە بیرییەکەی لە بیری خۆیدا سەیرکردنی باوکی لەلایەن کچەکەیەوە ئامانج و مەبەست بووە، بۆیە بووەتە دەرخراوی ڕوانگە بیرییەکە، بەڵام بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی کاتی ئەو ڕووداوە سوودی لە ڕووداوێکی دیکە وەرگرتووە، کە لەهەمان کاتدا ڕوویداوە، ئەویش پەنجە ڕاکێشانی پیاوە نامۆکەیە بۆ بولبولەکە لەو کاتەدا، واتە کاتی ڕووداوی پەنجە ڕاکێشانەکە بووەتە بنکە بۆ کاتی ڕووداوی سەیرکرنی کچەکە بۆ باوکی.

### ئەنجام

1 -ڕوانگەی بیرڕۆنان وەک تیۆرێکی دیاری ڕەخنەی هۆشەکی گرنگی دەدات بەو پرۆسە بیرییانەی، کە نووسەر لە دەقەکەیدا ڕوانگەکەی پێ ڕۆناوە، وەکو ڕێباز و قوتابخانەییەکی هاوچەرخ گرنگی بە چۆنییەتی دروستبوونی مانا لە بیردا دەدات، بەر لەوەی ئەو مانایە بە زمان دەربېڕێت. لە ڕێگەی زمانی دەقەوە بەو پرۆسە بیرییانە دەگات.

2 - میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکی و بەربڵاوەکانی ڕوانگەی بیر ڕۆنان، کە مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ ڕۆنانی ڕوانگە و مانا بەبەرداکردنی دیمەنێک، دۆخێک، یان ڕووداوێک پەنای بۆ دەبات. میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن پشت بەسێ بنەما دەبەستێت لە ڕۆنانی هەر ڕوانگەیەکی بیریی یەکێک لەوان دەرخراو و بنکەیە، کە ئەویش ڕەهەندەکانی (شوێن، جوڵە، کات)، پەیوەندی نێوانیان دیاریدەکات.

3 - ئەم گوتانەی کە لە دەقی ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبەوە وەرگیراون هەریەکەیان ڕوانگەی ڕوانینێکی بیرییان نیشانداوە و لە ڕێگەی میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر- فۆکەسکردن بە توخمە

پێکهێنەرەکانییەوە بەو ڕوانگە بیرییانە گەیشتووین و نیشاندراوە چۆن ڕۆماننووس لە ڕێگەی تۆخمی گێڕانەوەوە ڕوانگەی بیرەکانی ڕۆناوە و زۆرجاریش بگێڕەوە لە گێڕانەوەکانی ڕۆمانەکانییدا لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە هەست بە فرەدەنگی لە ڕۆمانەکان بکەین و لە نزیکەوە ڕوانگەی بیر ڕۆنانی کارەکتەرەکان ڕۆبنێینەوە.

4- دەرخراو و بنکە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە لەوانە: زۆربەیجار بەشە دەرخراو شوێنێکی کەم زانراو، بچووکتر، سادەتر و نوێترەلە هۆشیاری و یادگە، بەڵام ئەوەی دەبێتە بنکە بۆی، باوتر، گەورەتر، ئاڵۆزتر و کۆنترە لە یادگە. ئەمەش لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا بونێکی جەوهەری و دیاریان هەیە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**1- سەرچاوە کوردییەکان:**


- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١١)، پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٣)، نەتەوەی ژێرابەکان، چاپی یەکەم، چاپخانە ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٨)، سەردەمی گریانی بەڵقیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠٢١)، بنووسە خوێن، چاپی یەکەم، چاپخانە و بڵاوکردنەوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠٢١)، لەسەر باران دەنووسم، چاپی دووەم، چاپخانە و بڵاوکردنەوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
- موکریانی، کوردستان (٢٠٠٤)، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر.


**2- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


- Casad, E. H. (1995). Seeing it more than one way. In J. R. Taylor & R. E. MacLaury (Eds.), *Language and the cognitive construal of the world*, (pp. 23-49). Berlin: Mouton de Gruyter.
- Chloe, H., Louise N., Stockwell. P. and Yuan, W, eds. (2014). *Cognitive Grammar in Literature. Linguistic Approaches to Literature* 17. Amsterdam/Philadelphia: John Benjamins.
- Chloe, H. (2017). *Cognitive Grammar in Contemporary Fiction*. UK: John Benjamins.
- Croft, W. & Cruse, D. A. (2004). *Cognitive Linguistics*. Cambridge: Cambridge university Press.
- Geeraerts, D., ed. (2006). *Cognitive Linguistics: Basic Readings*. Berlin: Mouton de Gruyter.
- Geeraerts, D., & Cuyckens, H. (2007). *The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*. Oxford: Oxford University Press.
- Gibbs, R. (1994). *The Poetics of Mind: Figurative Thought, Language, and Understanding*. New York and Cambridge: Cambridge University Press.
- Holme, R. (2009). *Cognitive Linguistics and Language Teaching*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

- Gavins, J. and Steen. G. (2003). *Cognitive Poetics in Practice*. London: Routledge.
- Langacker, R. (1987). *Foundations of Cognitive Grammar, vol. 1, Theoretical Prerequisites*. Stanford: Stanford University Press.
- Langacker R. (1990). *Concept, Image, and Symbol: The Cognitive Basis of Grammar*. Berlin, New York: Mouton de Gruyter.
- Langacker, R. (2008). *Cognitive Grammar: A Basic Introduction*. Oxford: Oxford University Press.
- Langacker, R. (2013). *Essentials of Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
- Möttönen, T. (2016). *Construal in Expression: An Intersubjective Approach to Cognitive Grammar*, PhD. Finland: University of Helsinki.
- Radden, G. and Dirven, R. (2007). *Cognitive English Grammar*. Amsterdam: John Benjamins Pub.
- Stockwell, P. (2002). *Cognitive Poetics: An introduction*. London and New York: Routledge.
- Stockwell, P. (2009). *Texture: A Cognitive Aesthetics of Reading*. Edinburgh: Edinburgh University Press.
- Tamly, L. (1988). The relation of Grammar to Cognition. In B. Ruzdka Ostyn (ed.) *Topics in Cognitive Linguistics*. Amsterdam: John Benjamins, pp. 165-205.
- Talmy, L. (1991). Path to Realization: A typology of Event Conflation. *Berkeley Linguistics Society*, 17, pp. 480–519.
- Talmy, L. (2000a). *Toward A Cognitive Semantics*, Volume1: *Concept Structuring Systems*. Cambridge, MA: MIT Press, John R. (1995). *Linguistic Categorization: Prototypes in Linguistic Theory*. Clarendon Press
- Taylor, John R. (2002). *Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
- Tsur, R. (1983). *What is Cognitive Poetics*? Tel Aviv: Katz Research Institute for Hebrew Literature, Tel Aviv University.
- Tsur, R. (1992). *Toward a Theory of Cognitive Poetics.* Amsterdam: Elsevier.
- Turner, M. (1996b). *The Literary Mind*. New York: Oxford University Press.
- (https://www.etymonline.com/)


**References**

**In Kurdish:**


- Ghareeb, Jabar Jamal. (2011). *A Statue from Chalk Dust*, 1st eds. Suleimani: Suleimani Printing and Publishing Directorate.
- Ghareeb, Jabar Jamal. (2013). *Sewages' Nation*, 1st eds. Hawler: Rozhhallat Printing House.
- Ghareeb, Jabar Jamal. (2018). *Balqis' Crying Reign*, 1st eds. Suleimani: Andesha Printing House.

- Ghareeb, Jabar Jamal. (2021). *Write Blood*, 1st eds. Hawler: Ferboon Printing and Publishing Centre.
- Ghareeb, Jabar Jamal. (2021). *I am Writing on Rain*, 2nd eds. Hawler: Ferboon Printing and Publishing Centre.
- Mukryani, Kurdistan. (2004). *The Syntax of Complex Sentence*. Hawler: Aras Publishers.

**In English:**

- Casad, E. H. (1995). Seeing it more than one way. In J. R. Taylor & R. E. MacLaury (Eds.), *Language and the cognitive construal of the world*, (pp. 23-49). Berlin: Mouton de Gruyter.
- Chloe, H., Louise N., Stockwell. P. and Yuan, W, eds. (2014). *Cognitive Grammar in Literature. Linguistic Approaches to Literature* 17. Amsterdam/Philadelphia: John Benjamins.
- Chloe, H. (2017). *Cognitive Grammar in Contemporary Fiction*. UK: John Benjamins.
- Croft, W. & Cruse, D. A. (2004). *Cognitive Linguistics*. Cambridge: Cambridge university Press.
- Geeraerts, D., ed. (2006). *Cognitive Linguistics: Basic Readings*. Berlin: Mouton de Gruyter.
- Geeraerts, D., & Cuyckens, H. (2007). *The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*. Oxford: Oxford University Press.
- Gibbs, R. (1994). *The Poetics of Mind: Figurative Thought, Language, and Understanding*. New York and Cambridge: Cambridge University Press.
- Holme, R. (2009). *Cognitive Linguistics and Language Teaching*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.
- Gavins, J. and Steen. G. (2003). *Cognitive Poetics in Practice*. London: Routledge.
- Langacker, R. (1987). *Foundations of Cognitive Grammar, vol. 1, Theoretical Prerequisites*. Stanford: Stanford University Press.
- Langacker R. (1990). *Concept, Image, and Symbol: The Cognitive Basis of Grammar*. Berlin, New York: Mouton de Gruyter.
- Langacker, R. (2008). *Cognitive Grammar: A Basic Introduction*. Oxford: Oxford University Press.
- Langacker, R. (2013). *Essentials of Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
- Möttönen, T. (2016). *Construal in Expression: An Intersubjective Approach to Cognitive Grammar*, PhD. Finland: University of Helsinki.
- Radden, G. and Dirven, R. (2007). *Cognitive English Grammar*. Amsterdam: John Benjamins Pub.
- Stockwell, P. (2002). *Cognitive Poetics: An introduction*. London and New York: Routledge.
- Stockwell, P. (2009). *Texture: A Cognitive Aesthetics of Reading*. Edinburgh: Edinburgh University Press.

- Tamly, L. (1988). The relation of Grammar to Cognition. In B. Ruzdka Ostyn (ed.) *Topics in Cognitive Linguistics*. Amsterdam: John Benjamins, pp. 165-205.
- Talmy, L. (1991). Path to Realization: A typology of Event Conflation. *Berkeley Linguistics Society*, 17, pp. 480–519.
- Talmy, L. (2000a). *Toward A Cognitive Semantics*, Volume1: *Concept Structuring Systems*. Cambridge, MA: MIT Press, John R. (1995). *Linguistic Categorization: Prototypes in Linguistic Theory*. Clarendon Press
- Taylor, John R. (2002). *Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
- Tsur, R. (1983). *What is Cognitive Poetics*? Tel Aviv: Katz Research Institute for Hebrew Literature, Tel Aviv University.
- Tsur, R. (1992). *Toward a Theory of Cognitive Poetics.* Amsterdam: Elsevier.
- Turner, M. (1996b). *The Literary Mind*. New York: Oxford University Press.
- (https://www.etymonline.com/)

تکایە لەم چەمکانە ( کۆنستروەڵ-ڕوانگەی بیر ڕۆنان ) یا کوردییەکە بەکاربێنە ، یاخود ئینگلیزییەکە بنووسە

ناوی نووسەرەکان بخەرە نێو کەوانەوە

دەکرێت زمانی دەربڕین هەندێک پتەوتر بکرێت.